ئایندە

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە دەری دەکات

ژمارە (٣)　　هاوینی ٢٠٢١ز　　١٤٤٢ ك　　٢٧٢١ کوردی

تەسەوف و سۆفیگەری
لە نێوان حەقیقەت و واقیعدا

تەسەوفی فەلسەفی و ئایینی غەیرە ئیسلامی
تەسەوف لە ڕوانگەی تەوژمی سەلەفی هاوچەرخەوە
واقیعی تەسەوف لە سەردەمی ئێستادا

ئایندە

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە دەری دەکات

ژمارە (٣) هاوینی ٢٠٢١ز - ١٤٤٢ ك - ٢٧٢١ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین

ڕێکان تەحسین ساڵەیی

(Rikan.tahseen@gmail.com - 07507264864)

بەڕێوەبەری نووسین (بەشی عەرەبی)

یوسف کەمال هەولێری

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

بەڕێوەبەری هونەری

رابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

یاسین عەبدوڵڵا وەرتی هیدایەت جەمال قەرەداغی هەردی ئەنوەر

ڕاوێژکاران

پ.ی.د. عوسمان عەلی د. عبدالرحمن صالح میران نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی

عەلی ئیبراهیم حەسەن

ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە

AyndaCenter2012@gmail

هەولێر، کورانی عەنکاوە، نزیك مزگەوتی حاجی یاسین

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: بەڕێوەبەری هونەری

ناوەڕۆك

٤	سەروتار
٦	تەسەوفی فەلسەفی و ئایینی غەیرە ئیسلامی
١٦	واقعی تەسەوف لە سەردەمی ئێستادا
٢٢	تەسەوف لە ڕوانگەی تەوژمی سەلەفی هاوچەرخەوە
٢٧	مێژووی سەرهەڵدانی تەسەوف
٣٣	نەی نامە
٣٦	تەسەوف لە نێوان شەرعی بوون و ناشەرعی بووندا
٤٤	کاریگەری سۆفیگەری لەسەر کارکردن و بەرهەمهێنان
٤٧	خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی)
٥٣	مەرجەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئایندە
٥٤	بەشی عەرەبی
٥٨	كلمة العدد - القسم العربي
٦٠	لماذا التصوف؟
٦١	ابن عربي ووحدة الوجود دراسة تحليلية
٧٥	التصوف في الإسلام جمال الروح في رحاب الجلال
١٠٢	التصوف الصحيح من المنظور الإسلامي
١٠٧	الخوف من الإسلام - البحث عن جذور الكراهية
١٢٤	شروط النشر في مجلة آينده

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن
و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

تەوەری ژمارە

تەسەوف و سۆفیگەری
لە نێوان حەقیقەت و واقیعدا



سەروتار

ئایندە
لە ساڵی دووەمی خۆیدا

سەرنووسەر

گۆڤاری (ئایندە) لەم ژمارەیەوە پێ دەنێتە ساڵی دووەمی تەمەنی خۆیەوە، وەکو لە سەرەتاوە بەڵێنمان دابوو، بۆ هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان تەوەرێك دیاری بکەین، لە پاڵ تەوەری سەرەکیشدا، نووسین و بابەتی زیندووی تر لەخۆ بگرێت، هەر واش مامەڵەمان کرد، ئەوەبوو لە دوو ژمارەی ڕابردوودا دوو تەوەری زیندوو لە گۆڤارەکەدا تاوتوێ کران، ئەوانیش بریتی بوون لە (کاریگەرییە ئایندەییەكانی کۆڕۆنا لەسەر هەرێمی کوردستان) و پرسی (کەمبوونەوە و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکەوتەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگە)، بۆ ئەم ژمارەیەش تەوەری (سۆفیگەری لە نێوان حەقیقەت و واقیعدا) لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند کراوە، بە سوپاسەوە ژمارەیەك پسپۆڕ و شارەزا و نووسەری کورد و عەرەب بەشداریان لە تەوەرەکەدا کردووە و دەوڵەمەندیان کردووە.

لە ساڵی دووەمی تەمەنی خۆیدا، گۆڤاری ئایندە جەخت لە ڕێڕەوی زانستییوون و بابەتییوونی خۆی دەکاتەوە لە شەن و کەوی بابەت و دیاردە و پرسە گرنگەکان لە کوردستان و جیهاندا، خاوەن قەڵەمە بە بڕشتەکان دەتوانن لێکۆڵینەوە و نووسینەکانیان بۆ ئایندە بنێرن، بێگومان هەر نووسین و بابەت و ڕایەکیش کە لەم گۆڤارەدا دەردەبڕدرێت و بڵاودەکرێتەوە خاوەنەکانیان لێیان بەرپرسیارن و گۆڤار تەنها لە سەروتار و ئەو نووسینانە بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤار یاخود بێ خاوەن بڵاو دەبنەوە.

لەم ژمارەیەشەوە مەرجەکانی نووسین و بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئایندە بڵاو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی نووسەران و توێژەران بەرچاو ڕوون بن لە کاتی ناردنی بابەت و بەرهەمەکانیان بۆ گۆڤارەکە. بەو هیوایە بتوانین بەردەوام بین لە خزمەتی وشەی ڕەسەن و بڵاوکردنەوەی هزر و ڕۆشنبیریی بە پاراستنی ڕەسەنایەتی و تێگەیشتنێکی قوڵ و سەردەمیانە لە کوردستاندا.

دەست لە دەست و قووەت لە خوا.

تەسەوفی فەلسەفی و ئایینی غەیرە ئیسلامی

نووسینی: پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد شێخ موحەممەد بالیسانی

* دکتۆر ئەحمەد شیخ موحەممەد شێخ تەها بالیسانی، ساڵی ١٩٤٨لە ناحیەی بالیسان سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە.
* پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە ئەنبار ساڵی ١٩٦٩ تەواو کردووە.
* ساڵی ١٩٧٥کۆلیژی دیراساتی ئیسلامیی ئێوارانی بە پلەی زۆر باشە تەواو کردووە.
* بڕوانامەی ماستەری بە پلەی نایاب ساڵی١٩٨٩، بڕوانامەی دکتۆرای ساڵی١٩٩٤ بە پلەی نایاب لە زانستە ئیسلامییەکان بە دەستهێناوە.
* ئیجازەی لە زانستە شەرعییەکان و عەقڵییەکان لای باوکی خۆی شێخ محمدی بالیسانی و هەروەها لای مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس وەرگرتووە.
* لە کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی بەغدا و چەند جێگەیەکی تر وانەی وتووەتەوە و، زۆر جار پێشنوێژی و وتاربێژی کردووە.
* لە کاتی لاوێتیدا کاری لەگەڵ هەندێ ڕێکخستنی ئیسلامیدا کردووە و بەو هۆیەشەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستگیر کراوە.
* لە گەڵ چەند زانایەکدا دەزگای ڕوناکییان دروستکردووە، ئێستاش لە هەولێر دەژیت و خانەنشینە و سەرپەرشتیاری گشتی دەزگای ڕوناکییە.

تەسەوفی فەلسەفی وەك تەسەوفی كۆن لای (هیراقلیتس) و (ئەفلاتون) و (بارمیندس) و (ئەفلوتین)... پاشان هی سەدە ناوەندیەكان وەك: (أوف كلیرف) و (وإیكهارت) و (تولر)، هەروەها لە سەردەمی نوێ وەك لای (بۆهمە) و (سویندمبرغ).

تەسەوفی ئاینیش وەك تەسەوفی یەهودی و مەسیحی لەگەڵ هی ئاینەكانی نا ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی كۆن وەك (كۆنفۆشی) و (براهماتی) و (ئۆرفی) و (فیتاغۆری) و (هیندۆسی) و (بوزی) و (تاوی[1])، ئەمانەیان بە هەردوو لایەنەكەیانەوە، واتا: فەلسەفی و ئاینی لە ناوەڕۆكدا یەكن وەك بەم جۆرەی لەو خاڵانەی دێت ناسراون[2]:

بیرۆكەی (ئیتتیحاد) و (وحدة الوجود) لای (كەزانۆفان) و فەیلەسوفی تر كە دەڵێن: خودی خودا كەوتۆتەوە ناو هەموو شتێك، خوا هەموو شتێكە، خوا و گشت شتی دروستكراو یەكە

١- لێكدانەوە و دوانیان لە فەلسەفە بە شێوەی فەلسەفی یۆنانی و مەنتیقەكەیانە لە بەرگریكردن و لە بۆچوونەكانی صۆفییەتی و تۆێژینەوەی مەنتیقی صۆفی، جا ئەم شێوە و جۆرە فەلسەفەیە بۆ ناو مسوڵمانانیش گواستراوەتەوە بە ڕێی هەندێ لە فەیلەسوفەكانی ئیسلامی، لە باتی پشت بەستن بە دەقەكانی قورئان و سونەت ئەم جۆرە فەلسەفەیان بەكارهێناوە.

٢- بیرۆكەی (ئیتتیحاد) و (وحدة الوجود) لای (كەزانۆفان) و فەیلەسوفی تر كە دەڵێن: خودی خودا كەوتۆتەوە ناو هەموو شتێك، خوا هەموو شتێكە، خوا و گشت شتی دروستكراو یەكە، هیچ شتێك نییە جیای خوا بێ، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا ڕواڵەت نەبێ هیچ نیە.

هەروەها لای هیندییەكان كە دەڵێن: ڕاستەقینە تەنیا لە خوا دایە و ئەو گشت شتێكە و هیچ شتێك جگە لەو نیە، جا گەیشتنی مرۆڤ بە ڕاستەقینە ئەوەیە لەگەڵ خوا یەكگر بێ (ئیتتیحاد بكا) و ببنە یەك، هەتا دەڵێ من براهمام و براهما منم، لەسەر ئەوەی لەگەڵ خوا دەبنە یەك، جا هەندێك لە سۆفییەكانی مسوڵمانیش وەك حەللاج ئەم قسەیان لێ گێڕدراوەتەوە.

٣- بیردۆزی موسول (مُثُل) واتە: نموونەكان لای ئەفلاتون كە دەڵێ: دەروونی پارچەیی (النّفس الجزئیّة) واتە: بەشەری، زانیاریەكان وەردەگرێ لە كاتێكا كە بۆ دەروونی گشتی (النفس الكلیّة) واتە: خوایی هەوڵ دەدا، بۆ ئەو جیهانەی كە لێی هاتووەتە خوارەوە.

٤- بیردۆزی (ئەرستۆ) كە دەڵێ: گشت هەبووەكان دەیانەوێ خودی خۆیان بەجێبهێنن بە هەبووی یەكەم، واتە: بە خوا. ئەمەش بە واتەی (الفنا فی الله) لێكدراوەتەوە، واتە: بیردۆزی ونبوون یا نەمان لە خوادا، كە ئەمە بەهای هەرە بەرزە بۆ صۆفییەكان، كە پێی دەڵێن یەكەی ڕەها (الوحدة المطلقة)، یا یەكە لای (ئەفلۆتین)[3] وەك دەڵێ: تۆ دەپرسی، چۆن دەتوانین نەبڕاو واتە: ڕەها بناسین؟ من وەڵامت دەدەمەوە كە ئێمە بە ڕێی عەقڵ ناینناسین، چونكە كاری عەقڵ دیاركردن و لێك كردنەوەیە، نەبڕاویش نابێ لەسەر یەك پلە بێ لەگەڵ بابەتەكانی، تۆ ناتوانی

نەبڕاو (ڕەها) تێبگەی، تەنیا بە چوونە ناو باڕیکی وا نەبێ کە لە تۆ ونە خودی نەبڕاوت هەبێ، ئەمەش وا دەگەیێنێ کە زەینت لە هۆشیاری بڕاو ڕزگاری ببێ. لە کاتێکا کە لە بوونە نەبڕاو ئەوەستی ئەوجا دەبیتە یەکێك لە نەبڕاو (ڕەها)[٤].

هەر ئەمەشە لای بوزیەکان پێی دەڵێن: نەرڤانا، واتە: مەلەکوتی خوا یا خودی خوا، یا هوشیارییێکی ڕۆناککەرەوەی بەردەوام، کە دەربڕینە لە ونبوونی دەروونە پاکەکان لە نیعمەتی هەمیشەیی بە پێوەنووسان بە خوا، بۆ ئەوەی ژیانی نیعمەت و ئاسوودەیی هەمیشەیی لە هۆشیاری ڕووناککەرەوەدا بژیێی. هەروەها پێی دەڵێن کوژانەوەی شێوەیێکە بە باری دوایی صۆفییەتی.

٥- (تقشّف) واتە: بەڕژدی ژیان، لەگەڵ (زهد) واتە: نەویستنی دونیا و خاڵی بوون لە دونیاداری بۆ پەرستن لای ڕاهیبەکانی جوولەکە و صینییەکان.

٦- (نەرڤانا) واتە: چەوساندنەوە و ئازاردانی جەستە بۆ بێ تاوانکردنی لە ویست و ئارەزووەکان، لەگەڵ تیڕامانی قوول لە بوونەوەر بۆ گەیشتنە مەعریفە لای بوزیەکان، هەروەها ڕاهیبایەتی و گۆشەنیشینی بۆ خواپەرستی لە دێر و کڵێسەکان، لای نەصرانیەکانیش جودا بوونەوەیە لە دونیا و لە پێخەریکبوونەکانی دونیا.

ئەمانە لەوانەیە بنەمایەکەی بیرۆکەی فیتاغۆرس بێ کە زووری (خشونەت)ـە واتە: دڕی ژیانە بە پێی ئەوەی کە لە سەرووی جیهانی سروشی جیهانێکی ڕوحانی هەیە، باشی و جوانیەکەی عەقڵ تێی ناگات، بەڵام دەروونی بۆی دەچێ، جا ئەگەر مرۆڤ توانی لە ئارەزووەکانی جەستەیی دەرچێت یان بچێتە دەر بەگەڵ جیهانی ڕووحانی دەکەوێ و شارەزای ڕاستەقینەکانی هەمیشەیی دەبێت، ئەمەش لای صۆفییەکانی مسوڵمان هەیە.

٧- بیردۆزی (حلول): واتە چوونە ناو یا تێکەڵ بوون: واتە: چوونە ناوی توخمی خوایی بۆ ناو توخمی مرۆڤی یا کوژانەوەی توخمی مرۆڤی لە ناو توخمی خودایی، وەك بوزیەکان وتویانە خوا چوەتە ناو بوزا، لای نەسرانیەکانیش کە وتویانە خوا چوەتە ناو عیسا، بۆیە هەردووکیان بوزا و عیسا لای ئەوانە دوو سروشتیان هەیە، بەشەری و خوایی (ناسوتی و لاهوتی). هەردووکیان ڕواڵەتی بەشەرین لای هەردوو ئاینەکان، هەر ئەم قسەیەش لە هەندێ لە صۆفیەکانی ئیسلامی گێڕدراوەتەوە، وەك حەلاج کە وتوویەتی خوا دەچێتە ناو بەشەر، هەروەها لای ئیبن و عەڕەبی، هەتا هەندێکیان وتویانە من خوام و من ڕاستم.

٨- هاوسەرگیری ڕوحی، یان خۆ بەخوا زانین (التألُّه) لای نەسرانیەکان کە پێیان دەڵێن مەسیحی، چونکە دەستکەوتنی صۆفی دێتە جێ یان دەستکەوت دەبێ بە ڕێی سەرکەوتن بەسەر گشت پەردە و بەربەستکەرەکانی نێوان تاك و ڕەها، واتە: نێوان بەندە و خوا، ئەوەش بە ڕێی گەیشتنی پایەکانیەتی بۆ بەرزترین پلە کە پێی دەڵێن هاوسەرگیری ڕوحی، یا یەك ژیانی، وەك بۆ قدیسە (تەبریزا)[٥]و (ڕۆزبرۆك) و (بوزا) هاتە جێ. ئەمەشیان هەمان (فنا فی الله)

ونبوونه له خوادا که صۆفییەکانی مسوڵمان باسی دەکەن.

٩- هەستان بە بێژینی گۆرانی و مۆسیقا لێدان و سەماکردن لەسەر ئاواز و خوێندنەوەی بە ئاواز، خۆشەویستی خەماوی بۆ یەکگرتن لەگەڵ مەلەکوتی خودا دوور لە کاریگەریەکانی جەستە و کارەکانی سروشت. زۆر لە دەروێشەکانی مسوڵمانیش ئەمەیان وەدەست گرتووە.

بیرۆکە و بۆچوون و بەرنامەی تەسەوف و دینداری فەیلەسوفەکان و صۆفییەکانی ئەهلی کیتاب، کە پێشتر باس کرا، هەروەها وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم بیرۆکانە لای گرانخوازە صۆفییەکانی مسوڵمان دەردێخێ کە ئەمانە بیرۆکەی چەوت و ناشەرعین

ئەم مەبدەئانەش گشتی لەگەڵ بیرۆکەی (حلول) و (وحدة الوجود) و هاوسەرگیری ڕوحی و خۆ بەخوا زانینە کە وا دەزانن لەگەڵ خوا تێك دەکاتەوە، کە ڕوالەتەکەی نا شەرعیە و شیرك و کوفری لێ دەخوێندرێتەوە.

چەوتی و ناشەرعی ئەم جۆرە تەسەوفە

ئیتر ئەوە بوو وەك لە پێشەوە دیاریکرا بیرۆکە و بۆچوون و بەرنامەی تەسەوف و دینداری فەیلەسوفەکان و صۆفییەکانی ئەهلی کیتاب، کە پێشتر باس کرا، هەروەها وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم بیرۆکانە لای گرانخوازە صۆفییەکانی مسوڵمان دەردێخێ کە ئەمانە بیرۆکەی چەوت و ناشەرعین، چونکە تێڕوانینی پێچەوانەی ئیسلامن، گومڕایی و دوور کەوتنەوەیە لە ڕاستی، هیچ پەیوەندی بە ڕاستەقینە و دینداری نیە. لەبەر ئەم خاڵانەی کە دێن:

١- خوا هێنەرەدییە (خالق)ـە و جیای خوا واتە: بوونەوەر گشتی هێنراوەدییە و دروستکراوە. وەك خوا لە سورەتی زومەڕدا فەرموویەتی: (**اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ﴿٦٢﴾ لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۗ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴿٦٣﴾**) زومر (٦٢ - ٦٣).

واتە: ئەڵڵا هێنەرەدی و دروستکەری گشت شتێکە هەر ئەو پارێزەری گشت شتە، ئەستۆ و کلیلی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە، ئەوانەی کافرن بە ئایەتەکانی ئەڵڵا هەر ئەوان خەسارەتمەندن.

کەوابوو خوا و بوونەوەر جیاوازن، هەروەك دروستکەر و دروستکراو هەرگیز نابنە یەك، وەك دارتاش و تەختەکانی لێکی دەدا نابنە یەك، چونکە دروستکەر پێشی دروستکراو هەیە، هەروەك لە حەدیسی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە: (**كان الله ولم يكن شيء**)[٦] ، واتە: (خوا هەبوو

هیچ شتێکیش نەبوو) ئەگەر دروستکەر و دروستکراو واتە: خوا و بوونەوەر یەك بان ئەبوا دروستکراو لەگەڵ خوا پەرستراو با، ئەمەش شیرکە و کوفرە، ئەگەر گریمان وایکرد کە گشت دروستکراوەکان لەگەڵ پەرستراو بوونە یەك لە ناو ئەوا ڕەش بوونەوە یان تاوانەوە وا ئەگەێنێ کە کەسی خوا پەرست نەمێنێ، هەروەها خوا بە پەرستراو نامێنێ، وەك هەندێکیان وتویانە: (ئەگەر خەڵك خوای ناسی نە پەرستراو نە پەرستەر دەمێنێ) بەم جۆرە ئەو بەرزتەی بۆی هەوڵ ئەدەن ئەو بەختەوەریەی ئاواتیانە لە هیچ بارەکانیاندا نامێنێ.

٢- پەرستەر و پەرستراو هەڵوەشێنەری یەکن، هەڵوەشێنەرەکانیش لەیەك کات و جێگە پێکەوە کۆ نابنەوە، هەروەها لەیەك کات و جێگەش هەردووکیان لاناکەون، وەك شەو و ڕۆژ نەپێکەوە دەبن نە هەردووکیان پێکەوە لا دەچن. بۆیە هەرگیز نابی هەردووکیان پەرستراو و پەرستەر پێکەوە هیچ کامیان نەبن، بەم جۆرەش نابێ پەرستراو و بەندەی پەرستە ببنە یەك، وەك خوا لە سووڕەتی نەحلدا فەرموویەتی: (**أَفَمَنْ يَخْلُقُ كَمَنْ لَا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾**) نحل (١٧). واتە: ئایا ئەوەی دروست دەکا وەك ئەوەیە کە دروست ناکا، ئایا بیرتان نایێتەوە.

بۆیە نەپەرستراو دەبێتە پەرستەر و نەپەرستەر دەبێتە پەرستراو، ئەم قسەیە درۆیە ئەگەر بەمەبەست بکرێ دەبێتە شیرك، چونکە وا دەگەیێنی کە غەیری خوا لەگەڵ خوا بێ، وەك خوا لە سووڕەتی نەملدا دەفەرموێ: (**أَمَّنْ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَعَ اللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿٦٤﴾**) نمل (٦٤)، واتە: کی لە سەرەتاوە دەست بە دروستکردنی خەڵکان دەکات و پاش مردنیان دەیانژێنێتەوە، کێ لە ئاسمان و زەویدا ڕزقتان دەدات، ئایا هیچ خواییکی تر لەگەڵ ئەڵڵا هەیە؟ بڵێ بەڵگەی چەسپێنراوتان بێنن ئەگەر ڕاست دەکەن.

ئیتر خوا پاك و بەرزە و پاکە لەو جۆرە وتە هەڵبەستراوانەی گومڕاوەکان بەناوی تەصەووف دەیکەن.

دیسان پێکوەنوسان واتە: لەگەڵ خوا بوونە یەك وا دەگەێنێ کە بەشەر بەشێك بێ لە خوا، ئەمەش کوفرێکی ئاشکرایە وەك لە سووڕەتی زوخروفدا فەرموویەتی: (**وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءًا ۚ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَكَفُورٌ مُبِينٌ ﴿١٥﴾**) زوخرف (١٥).

واتە: کافرەکان وایان دانا کە خوا پارچەی هەیە، واتە: منالّی هەیە، بە دڵنیایی مرۆڤ زۆر حەق پۆشێکی دیارە.

٣- یەکگرتن بەواتە بوونە یەکی خواو بەندە چەوت و درۆیە، چونکە یەکگرتن لە نێوان جۆر یان چەشنەکاندا دەبێ، خواش نە جۆرە و نەچەشنە هەتا لەگەڵ هاوجۆر یان هاوچەشنی خۆی یەك بگرێ، چونکە هیچ شتێك وەك ئەو نیە، یان لە نێوان (عَرَض)ـەکان و (جَوهَرَ)ـەکانا ڕووەدا، خواش نە بە (عەرەض) و نە بە (جەوهەر) وەسف دەکرێ، چونکە هیچ شت وەك ئەو نیە، ئەم شتانەش سیفەتی دروستکراون نەك هی ئەڵڵا.

٤- گومان و ئیدیعایان کە خۆشەویست لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی یەکگرن، واتە: دەبنە یەك بە شێوەیێکی وا جیاوازی لە نێوانیانا لە خودی هەبوونیاندا نامێنێ، زۆر چەوتە، چونکە خوا کەس لەگەڵیا نابێتە یەك، بەڵکو هیچ شتێك لەگەڵ هیچ شتێك نابێتە یەك، تەنیا ئەگەر ماددەکانی کیمیایی بن و پێکەوەبنووسێن، یا ببنە یەك و لەناو یەکا بتوێنەوە شتێکی سێیەمیان لێ دەرچێ، نە ئەوە بێ و نە ئەویتر بێ، واتە: هیچ کامیان نەبێ، وەك یەکگرتنی دوو ئەتۆم لە هایدرۆجین لەگەڵ یەك ئەتۆم لە ئۆکسجین بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی سێیەم کە ئاوە، خواش مادەی کیمیایی نییە هەتا ئەمەی بەسەردا ڕووبدا.

هیچ شتێك لەگەڵ خوا بەم جۆرە یەك نابێ یا تێکەڵ نابێ. بۆیە نابێ وا تێبگەین خوا منالّی دەبێ، چونکە بریتییە لە یەکگرتنی ئاوی پیاو لەگەڵ هێلکەی ژن بۆ بوونە شتێکی سێیەم کە منالّە، ئەمەش لە خوا بەدوور و مەحالّە، وەك لە سووڕەتی جیندا فەرموویەتی: ﴿**وَأَنَّهُ تَعَالَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلَا وَلَدًا** ﴿٣﴾﴾ جن (٣). واتە: ئەو خوایە بەرز و گەورەیە نە ژنی دەستگر کردووە و نە منالّ، چونکە خوا تاکە وەك لە سووڕەتی ئیخلاصدا فەرموویەتی: ﴿**قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾**﴾ اخلاص (١-٤).

٥- داواکاری (حلول) یان واتە: چوونە ناو یەك، وەك چوونی ئاو بۆ ناو پەرداغ یان شیر بۆ ناو ئاو، ئەم جۆرە بارودۆخانە لە نێوان تەن و جەستەی ماددەدا ڕووەدا، خواش نە جەستەیە و نە تەنە هەتا بچێتە ناو شت یان شتی بچێتە ناو، ئیتر خوا پاك و گەورەترە لەم جۆرە بۆچوون و بیرۆکە ئەفسانەییانە.

٦- مۆسیقا و گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ ئەمانە شتی ڕابواردن و ئارەزووی جەستەیین، پەرستن نییە و بەندە پێی لە خوا نزیك نابێتەوە، بەڵکو بەندە دوور دەکاتەوە لە خواپەرستی و بەرز بوونەوەی ڕوحی و ڕوونی دڵ و زیکری ڕاست، کە چی ئەوان داوای دوورکەوتنەوە لە ڕواڵەتەکانی دونیا و نەویستی ئارەزوو و تامەکانی دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە خوا، بۆیە خۆیان پێچەوانەی خۆیانن لە تێك نەکردنەوەی ئەم داوا و ڕەوشتانە. چۆن ناگەنە خوا بەو شتانەی کە لێیان دوور دەکاتەوە، وەکو ئەوانەن کە دەچنە ناو ئاگر بۆ دوور کەوتنەوە لە گەرما، جگە لەوەی کە پێچەوانەی ڕێی ڕاستی پێغەمبەرە (ﷺ)، وەك لە ئەبوهوڕەیڕە هاتووە دەفەرموێ: (ئەگەر بەندە ئاوی خواردەوە بە شێوەکردنی سەرخۆشکەر ئەم ئاوە لێی حەڕام دەبێ، لەعنەت لەو مالّە بێ کە دەفی تیادایە یا تەمبور یا عود، مەترسی سزایان لێ دەکەم کات پاش کات)[٧] ، هەروەها هەندێ لە تابعینەکان وەکو شوڕەیح و سوەید و گێڕدراوەتەوە کە فریشتەکان ناچنە ئەو مالّەی دەفی تیادایە[٨]. ئەگەر ئەم حەدیسانە بەهێزیش نەبن، لەگەڵ ئەوەشا نابێ ئەم شتانە بکرێنە ئایین و شێوەی پەرستن. چونکە بۆ خۆشی و ئاهەنگی ژنهێنان و خەتەنەکردن و جەژن بەکارهێنراون نەك بۆ پەرستن.

٧- دووركەوتنەوە لە تام و بۆ و پێداویستەکان و پێویستەکانی جوان و حەڵاڵی دونیا پێچەوانەی شەرعە و دونیا وێران دەکات و کۆتایی بە ژیان دێنێ، بۆیە خوا لە سووڕەتی

ئەعرافدا فەرموویەتی: (**قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ ۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣٢﴾**) اعراف (٣٢)، چونکە بەکارهێنانی حەڵاڵ و ویستی شتی خۆشی حەڵاڵ و پێویست و پێداویستەکان کە جیهانی پێی ئاوەدان و خۆش دەکرێ و ژیان دەپارێزێ و مسوڵمان بەهێز دەکات بۆ پەرستن و بەجێ هێنانی ئەو ئەرکانەی خوا پێی سپاردووین یا لەسەری داناوین، گشتی پێویستە بە مەرجێ زێدەڕەوی تیادا نەکرێ و بەڕێی بەکارهێنانی میانڕەوی و پێهەڵسانی شەرعی بێ، وەك لە هەمان سوورەتدا دەفەرموێ: (**يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا ۚ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾**) اعراف (٣١)، واتە: بخۆن و بخۆنەوە و زێدەڕەوی تێدا مەکەن چونکە خوا زێدەڕەوەکانی خۆشناوێ.

بۆیە تەنیا دەبێ لەو شتانە بەدوور کەوینەوە کە حەرامە وەك لە هەمان سوورەتدا فەرموویەتی: (**قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾**) اعراف (٣٣) ، کەچی ئەوان بە ڕێی (حلول) و (إتحاد) و (وحدة الوجود) خۆیان تووشی هاوتاپەرستییەکی (شرك) وا کردووە کە خوا هیچ بەڵگەییکی پێ نەناردوەتە خوارەوە، شتی واشیان لەسەر خوا وتووە کە لەم ئایەتەدا نەهی لێ کردووە.

٨- دەستکەوتنی زانیاری بە ڕێی لە خوادا ونبوون و یەکگرتن واتە بوونە یەك لەگەڵی، وای لێدەکا مرۆڤ لەگەڵ خوا بکەنە خوا، گشتی درۆیە و پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەتە. چونکە یەکگرتن لەگەڵ خوا مەحاڵە، بەڵام ئەو زانیارییەی لە دەرەوەی سنووری تێگەیشتنی عەقڵە و پەنهانە کە بەڕێی هەستەکان نازانرێ تەنیا بۆ پێغەمبەران بە ڕێی نیگاوە دێتە خوارەوە، ئەوانیش بە خەڵکانی تر ڕادەگەیێنن. نەك لەو ڕێگە هەڵبەستراوانەی باسیان کردووە. وەك خوا لە سووڕەتی شوڕادا دەفەرموێ: (**وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ ۚ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾**) شورا (٥١) ، واتە: وا نەبووە هیچ بەشەرێك خوا قسەی لەگەڵدا بکات، تەنیا بە نیگا نەبێ، یا لە پشت پەنایێکدا بێت، یا پەیامبەرێکی واتە جوبریل بۆ بنێرێ، جا نیگای بە ڕێدانی خوا پێ دەگەیێنی، بە دڵنیایی خوا بەرز و حیکمەتدارە.

بۆیە بە هیچ جۆرێك مرۆڤ لەگەڵ خوا نابێتە یەك، بەڵام دەتوانێ خوایی بێ و لەگەڵ خوا بێ، بەو دەستگرتن بە شەریعەتەکەی و زێدە پەرستن و نەکردنی کاری حەرام و نەخواردنی شتی حەرام، وەك خوا لە سووڕەتی ئالی عیمراندا فەرموویەتی: (**مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾**) ال عمران (٧٩). واتە: بۆهیچ بەشەرێك نەبووە خوا کتێب و حوکم و پێغەمبەرایەتی بداتێ پاشان بە خەڵك بڵێ ببنە بەندەی من جگە لە خوا،

بەڵام دەبێ ببنە بەندەی خوایی بەهۆی ئەوەی کە کتێبی خوا فێری خەڵکی دەکەن و بەهۆی ئەوەی دەخوێنن.


بەڵێ یارمەتی خوا بۆ
کەسانێك لە بارودۆخێکدا و،
هەست تیژی و ڕوناکی دڵی مسوڵمانی
دیندار و باوەڕ بەهێز، بۆ سەرکەوتن و ڕێنمایی
بوونی، بە یارمەتی خوا ئینکار ناکرێ، وەك
پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (اتقوا فراسة
المؤمن فإنه ينظر بنور الله ثم قرأ: إن في ذلك
لآيات للمتوسمين)[9] واتە: ئاگاداری تیژبینی
ئیماندار بن چونکە بە ڕووناکی خوا دەڕوانێ.
بەڵام ئەمە جودایە لەگەڵ ئەوەی ئەم
صۆفیگەریە فەلسەفیانە داوای دەکەن.

٩- وا ئیددیعا دەکەن کە گەیشتنی صۆفی بۆ بەرزترین پلەو پایەکان و کەڕامەتەکان بە ڕێی (إشراق)ـەوە واتە: تیشکدانەوەیەکی خوایە بەسەریانا، کە هیچ کەسێك جگە لەوان پێی نازانێ.

ئەمەش وانیە، چونکە زانیاری (معرفە) یا لە شتی بەرهەستەکانە وەك ئەم هەموو بوونەوەرەی لە پێشماندا هەیە، ئەویش دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی بیرکردنەوەکانی کە بەهۆی عەقڵ و پێنج هەستەکان دەزانرێ، یا بە ڕێی باس و توێژینەوەی زانستی دەزانرێ. یا لە شتی پەنهانە، ئەویش تەنیا خوا نەبێ کەس نایزانێ وەك لە سووڕەتی نەملدا فەرموویەتی: (**قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٦٥﴾**) نمل (٦٥)، واتە: ئەوەی لە ئاسمانەکان و سەر زەوینە پەنهان نازانن تەنیا خوا نەبێ و نازانن چ کاتێك دەژیێنەوە.

پێغەمبەرەکانیش تەنیا بە خەبەر پێدانی خوا دەیزانن نەك بە خۆیان، ئەویش بۆ پێویستی ڕاگەیاندنی پەیامی خوا بە خەڵك: وەك لە سووڕەتی جیندا فەرموویەتی: (**عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ارْتَضَىٰ مِنْ رَسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ لِيَعْلَمَ أَنْ قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالَاتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا ﴿٢٨﴾**) جن (٢٦ - ٢٨). واتە خوا پەنهان زانە کەس بە پەنهانی خۆی شارەزا ناکات تەنیا ئەوەی پێی ڕازیە لە پێغەمبەرەکان. جا بە فریشتەکانی لە دواوە و لە پێشیەوە پاسەوانی لە دژی شەیتانەکان لێ دەکات، بۆ ئەوەی بزانرێ کە پەیامەکانی خوایان بە خەڵکی بە تەواوی و بێ دەستلێدان

ڕاگەیاندووە، خوا ئاگادار بووە بە گشت ئەوەی لایانە و هەموو شتێکی بە ژمار ژماردووە، واتە: هیچ لە دەستەڵاتی ئەو دەرنەچووە و ناچێ.

پاش پێغەمبەری دوا پێغەمبەر کە موحەممەدە (ﷺ) کۆتایی پێهێنانی پێغەمبەرەکانە پێویستی بە زانینی پەنهان پتر لەوەی کە لە قورئان و سوننەتدایە نەماوە، چونکە هیچ سوودێکی کردەوەیی نیە، بۆیە هیچ کەسێك زێتر لەوەی هاتوەتە خوارەوە نازانێ و گشت ئیددیعاکانی لەم جۆرە هەڵبەستراوو ئەفسانەیە.

بەڵێ یارمەتی خوا بۆ کەسانێك لە بارودۆخێکدا و، هەست تیژی و ڕوناکی دڵی مسوڵمانی دیندار و باوەڕ بەهێز، بۆ سەرکەوتن و ڕێنمایی بوونی، بە یارمەتی خوا ئینکار ناکرێ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (**اتقوا فراسة المؤمن فإنه ينظر بنور الله ثم قرأ: إن في ذلك لآيات للمتوسمين**)[٩] واتە: ئاگاداری تیژبینی ئیماندار بن چونکە بە ڕووناکی خوا دەڕوانێ. بەڵام ئەمە جودایە لەگەڵ ئەوەی ئەم صۆفیگەریە فەلسەفیانە داوای دەکەن.

سەرچاوەو پەراوێز:

١ - التعرف لمذهب أهل التصوف، لأبي بكر الكلاباذي، تحقيق عبدالحليم محمود وطه باقي سرور (القاهرة ١٩٦٠م).

- عبدالكريم القشيري، الرسالة القشيرية، القاهرة (د.ت) ٠ عبدالرحمن الوكيل، هذه هي الصوفية (القاهرة ١٩٥٥م).

٢- دراسات في الفلسفة اليونانية والعربية لإنعام الجندي ص ٢٧٧ فما بعدها، الموسوعة العربية ٥١٤/٦، الموسوعة العربية العامية ٢٠٨/١٥ فما بعدها.

٣- ئەفلۆتین فەیلەسوفێکی یۆنانیە (٢٠٥ – ٢٧٠)ز بەرزترین نوێنەری ئەفلاتونیەتی نووە، لای عەرەبەکان ناسراوە بە شێخی یۆنانی، نووسینەکانی لە میتافیقادا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر فەلسەفەکان و ئایینەکانی بتپەرستی و جولەکە و مەسیحی و ئیسلامی صۆفی / ویکیبیدیا الموسوعة الحرة – الأنترنت.

٤- الموسوعة العربية /، الحضارة العربية، التصوف – الحضارة./ الأنترنت

٥- تەبریزا قدیسەیە و ڕاهیبەییێکی مەسیحی کرملی ئەسپانییە (١٥١٥ – ١٥٨٢م)ـە لە ساڵی ١٥٦٢م. بەناوبانگترین کەسی صۆفییەتی ئەسپانی بوو، دێرێکی بۆ کرملیەکان لە ئەفیلا لە ئەسپانیادا دروست کرد چەند دێرێکی تریشی وەگەڵدا، گرنگترین بەرهەمەکانی کەماوەتەوە (القصر الباطني) و (في طريق الكمال). /تیریزا القدیسة – الموسوعة العربية الميسرة، ١٥٦٥م حرف التّاء.

٦- صحيح البخاري ١١٦٦/١، الحديث رقم ٠٣/٩.

٧- المدخل إلي كتاب الإكليل لأبي عبدالله الحاكم ٤١٠٤.

٨- مصنف ابن أبي شيبة ٤٩٦/٢ ، بأكثر من رواية.

٩- سنن الترمذي ٢٩٨/٥ الحديث رقم٢١٢٧. وقال حديث غريب، قال الهيثمي حديث حسن / مجمع الزوائد ٢٦٨/١.

واقیعی تەسەوف لە سەردەمی ئێستادا

پ.د.عیرفان ڕەشید شەریف

* لەدایک بووی گوندی ڕاوکان، قەزای پێنجوێن، پارێزگای سلێمانی.
* بەکالۆریۆس لەزانکۆی سلێمانی بەشی خوێندنی ئیسلامی.
* ماستەر لەزانکۆی بەغدا، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان.
* دکتۆرا لە زانکۆی بەغدا،کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان.
* بڕوانامەی زانستە شەرعیەکان لەخزمەت عەللامە مامۆستا ملا عبدالکریمی مدرس و مامۆستا ملا عبدالرحمن کۆڵ.
* مامۆستای زانکۆی سلێمانیە بە پلەی پڕۆفیسۆر.
* ٨ ساڵ سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی بووە.
* ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی فەتوای باڵای هەرێمی کوردوستانە.
* چەند کتێبی نوسراو و توێژینەوەی زانستی هەیە.

تەسەوف مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەناو و چەمکە جۆراوجۆرەکانی سەرچاوە گرتووی قورئان و سوننەتی شیرینی پێغەمبەرە (ﷺ) هەریەک لە چەمکەکانی (تزكية، إحسان، مجاهدة) کە لە قورئان و فەرمودە پیرۆزەکاندا هاتوون ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە(تەسەوف) یەکسانە بەپلەی سێیەمی ئایین، فریشتەی ئەمین لە یەکێک لەو جارانەی کە هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) چەند پرسیارێکی لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) کرد، یەکێک لەو پرسیارانە فەرمووی:

فأخبرني عن الإحسان، قال : (**أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك**) رواه مسلم.

ئەم بەشە گرنگە لەم فەرمودەیە ئاماژەیە بەگرنگیدانی ئیسلام بەلایەنی ڕۆحی کە پێویستە لەسەر مسوڵمانان گرنگی بەم لایەنە بدەن و خوا پەرستییەکەیان بەجۆرێک بێت وەکو ئەوەی بگەنە ئیمانێکی کامڵ و دروست، هەروەک چۆن یەکێک لە وەزیفەکانی پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- پاڵفتەکردنی دڵ و دەروونی شۆێنکەوتوانی بووە، (**هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ﴿٢﴾**) الجمعة (٢).

ئەم کەشە پیرۆزەی (تزكيه) و (إحسان) بۆ سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکان لەبار بووە، چونکە ڕاستەوخۆ ئەو پیرۆزباییانەیان لە خودی پێغەمبەری ڕەحمەتەوە (ﷺ) وەرگرتووە، هەر بۆیە لەناو ئوممەتی پێغەمبەردا بوونە کاملترین کەسی دیندار و خواناس، شۆێنکەوتوانی هاوەڵانیش-تابعين- لەسەر هەمان تەرز بەردەوام بون، چونکە ئەوانیش نزیک بوون لە چەرخی پەیامبەری ئازیز (ﷺ) ئەم مەنهەجە پیرۆزە تا سەدەی دووەم، دواتریش بەردەوام بوو، ئیتر خەڵکی ڕوویان کردە دونیاو ئالودەی ڕواڵەتە کاتییەکانی دونیا بوون، ئەوانەش کە لەم مەیدانە دونیاویستییە خۆیان نەبینییەوە و بەتەواوی دەستگرتوو بوون بە ئیسلامەوە ناسران بە (صۆفی) لەبەر پاڵفتە بوونیان لە خڵتەو لێڵیەک کەلە کەسانی دیکەدا هەبووە، سەبارەت بە خودی (طەریقەتیش) ئیبن خەلدون دەڵێت : (ان طريقة هؤلاء القوم لم تزل عند سلف الأمة وكبارها من الصحابة والتابعين ومن بعدهم طريقة الحق والهداية وأصلها العكوف على العبادة والانقطاع إلى الله تعالى والاعراض عن زخرف الدنيا وزينتها والزهد فيما يقبل عليه الجمهور من لذة ومال وجاه والانفراد عن الخلق في الخلوة للعبادة وكان ذلك عاما في الصحابة والسلف) مقدمة ابن خلدون، مؤسسة الكتب الثقافية،بيروت، لبنان، ٢٠٠٥/ ط٤/ ٢/١٦٠.

هەروەک شێخ ئیبن تەیمیەش دەفەرموێت:(ئاشکرایە کە عیلمی باطن زۆر بەڕێزتر و بەرزترە لە عیلمی ظاهر، چونکە عیلمی باطن حەقایقی ئیمانت بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام عیلمی ظاهر ڕووکەشیەکی ئیسلامت بۆ دەرئەخات) الفتاوى للشيخ ابن تيمية، دار الاسلام، مكة المكرمة: ٢٠٠٥/ط٤: ٢/١٦٠.

کەواتە سەرچاوەی (تەصەوف) سەرچاوەیەکی دیار و ئاشکرایە کە قورئان و سوننەتە و ڕێچکەی سەلەفی ئەم ئومەتە بووە، کەلە هەموو سەردەمێکدا (تەصەوف) و ڕێبواری ڕێگای تصوف بۆ ئەوەی قەبوڵی شەقامی شەریعەت بووبێت سێ مەرجی بۆ دانراوە:

تەصەوف وگرتنەبەری ڕێگای خواناسان و بۆخوا سوڵحاوان لەگەڵ ئەهلی دونیای فریودەردا کۆنابێتەوە

یەکەم: خۆپاراستن لە تاوانە گەورە و بچوکەکان.

دووەم: جێبەجێ کردنی سەرجەم واجباتەکان.

سێیەم: وازهێنان لە دونیا و ئەهلی دونیا کە ببنە هۆی لەدەستدانی ئاخیرەت.

هەرکەسێ سەرپێچی لەوسێ خاڵە بکات تەنها بە ڕوکەش بەئەهلی تەصەوف دادەنرێت و خۆی بێبەش دەکات لە پەیوەست بوونی ڕاستەقینە بەخودای گەورەو ڕەسولی ئازیز (ﷺ) و شەریعەتی پیرۆز.

تەسەوف لە واقیعی ئەمڕۆدا:

واقیعی ئەمڕۆ ئەگەرچی جیاوازە لە ڕابردوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تەصەوف لەسەر بنەمای دروست بنیات نراوە هەر لادانێک لەو مەرج و چوارچێوانەی کەزانایان و خواناسان بۆیان داناوە ڕووی نادروستی ئەو کەسانەی کە ناوی(تصوف) دەکەنە قەڵغان و ڕوخساری ڕووکەش زووبە زوو هەڵدەمالڕێت و فرتوفێڵ و چەواشەکاری دەدرێتەوە بەسەر کەسە فریودەرەکاندا، چونکە تەصەوف وگرتنەبەری ڕێگای خواناسان و بۆخوا سوڵحاوان لەگەڵ ئەهلی دونیای فریودەردا کۆنابێتەوە، ئەوان چاویان لە ڕەزامەندی خودایە نەک خەڵکی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دووسەدە لەمەوبەر، ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییەی کە حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری هێنایە گۆڕێ، گوڕێکی دیکەی دا بە زانستە شەرعیەکان و، کرانەوە و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە و، ئاشنایەتی و برایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی تر، دەیان خەلیفە و سەدان زانا و هەزاران مورید و مەنسوب لەدەوری ئەم شەمعی مەحفەلی خوداناسینە کۆبوونەوە، هەر کەسێک ویستبێتی بەناوی طەریقەتەوە کارێک بکات پێچەوانەی شەرع و ڕێبازی خواناسان بێت لە طریقەت دەری کردووە، یەکێک لەو کەسانەی کەحەزرەتی مەولانا طەردنامەی بۆ نووسیوە کەسێک بووە بەناوی (عبدالوهاب) لەنامەیەکدا کە بۆ (یوسف ئەفەندی) و (عومەر ئەفەندی) نووسیوە دەفەرموێت: (ولیس من عادتي أن أكتب بنفسي طرد أحد، لكن بسبب كثرة دسائس عبدالوهاب، ما امنت إذا أمرتَ أحداً بالتحرير إليكم أن يبلغ بأن الكاتب لم يكتب برضى فلان، بل كتب ما كتب عن حسده وهواه، فأخبرتكم بخطي لئلاّ يبقى عنكم ريب، وكل من بقي له أدنى علاقة معه حِساً أو معنىً فقد بريء من أمداد هذا الفقير و مشايخه، ومن أنذر

فقد أعذر، ولا ينبئك مثل خبير..) یادی مەردان ١/٣٦٤.

لەسەر ئەم بەرنامەو ڕێچکە ناوازەی حەزرەتی مەولانا لەهەموو چەرخ و سەردەمێکدا ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە بەردەوام و بون و بۆ ساتێکیش لایان نەداوە...

واقیعی تەسەوف لە دوو سەدەی ڕابردوو و لە ئێستادا:

تەسەوف لە کوردستاندا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە بەڵام وەکو نمونەیەک ئەگەر طەریقەتی نەقشبەندی وەربگرین کە طەریقەتێکی لێوان لێو بووە لە زیندوویەتی و جوڵە و زانست و مەعریفەت ودونیا بینی، کەلە یەک کاتدا پێگەیەنەری ئەهلی عیلم و بوژێنەرەوەی حوجرە و ئەدەب و شیعر و زانستە ئەقڵی و نەقڵییەکان بووە، تەنانەت مەڵبەندێکی گەورەی دەرچوانی سەرکردەکانی بزاوتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە لە وێنەی قازی محمد و شێخ سەعیدی پیران و شێخانی بریفکان و بارزان، تا بەم دواییانەش دەگات کە ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستان و ڕابەرانی دەرچوانی مەدرەسەکانی نەقشبەندی بوون، بۆ نمونە:

- مامۆستا مەلاعەزیزی پریس باوکی مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا عەلی و مامۆستا صدیق ڕابەرانی کۆچکردووی بزووتنەوەی ئیسلامی، دەرچووی مەدرەسەی خانەقای بیارە بووە و لەخزمەت مامۆستا مەلا عەبدولقادری (مەلای گەورەی بیارە) ئیجازەی زانستە شەرعییەکانی وەرگرتووە.

لەدوای کۆچی دوایی شێخی سراج الدین، واقیعی تەسەوف بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە زۆرێک لەو گۆڕانکایانە لەگەڵ جەوهەری تەسەوفدا یەکناگرنەوە

- مامۆستا مەلا بەها باوکی مامۆستا مەلا محمدی مەلای مزگەوتی گەورەی خورماڵ، باوکی مامۆستا صەڵاحەدین ئەمینداری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، دەرچووی مەدرەسەی خانەقای بیارە بوون.

- مامۆستا شێخ محمدی بەرزنجی پێشەوای کۆچکردووی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (کۆمەڵی دادگەری کوردستانی ئێستا)، دەرچووی مەدرەسەی نەقشبەندی لە خزمەت مامۆستا مەلا محمد امینی کانی سانان مودەڕیسی خانەقای بیارە بڕوانامەی زانستە شەرعییەکانی وەرگرتبوو.

ئەتوانین بڵێین تاساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی دوا موڕشیدی تەریقەتی نەقشبەندی حەزرەتی شیخ محمد عوسمان سیراجەدینی دووەم واقیعی تەسەوف واقیعێکی پڕ شکۆی ڕاست و دروست و بێ خەوش بوو، چونکە کەسانی هەلپەرست تا ئەو کاتیش نەیانتوانی بۆ مەرامی شەخسی لە ڕیچکەو ڕێباز و مەرجە بنەڕەتییەکان تەصەوف و طەریقەت لابدەن بەڵام لەدوای

کۆچی دوایی شێخی سراج الدین، واقیعی تەسەوف بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە زۆرێک لەو گۆڕانکایانە لەگەڵ جەوهەری تەسەوفدا یەکناگرنەوە کە دەتوانین لەچەند خاڵێکدا بیانخەینە ڕوو :

١- هەوڵدانی هەندێ لایەن لە کوردستان بۆ نزیک خستنەوەی چەند کەسایەتییەکی نزیک لە طەریقەتەکان بۆ نێو ڕیزەکانی خۆیان، بەم هەنگاوەش درزێک لە نێو ڕێبوارانی ڕێگای طەریقەتەکان دروست بوو، بە جۆرێک لە بری تەنها (الإقبال علی الله) و ڕووکردنە خودا، ڕوو کرایە دونیا و ئەهلی دونیا و بەدەستهێنانی مەنصەب و پێگە و ڕێگە و مالّی دونیا.

٢- دابەشبوونی هەندێ لە ئەهلی تەسەوف بەسەر گروپ و تاقمی جیاواز، کە هەندێ جار کەسانی لادەر لە فەرمانی شێخی مورشید پێشەوایەتیان دەکردن، بەجۆرێک دڕدۆنگی لەنێوان موریدان دروست دەبوو، تادەگەیشتە دابڕینی قسەو پەیوەندی و هاتوچۆ لەنێوان یەکدا.

٣- خۆ هەڵواسینی کەسی نەشیاو بەطەریقەتەکاندا و لێدانی لافی پیاوچاکی و لێدەرکەوتنی کەرامەت و بانگەشەی نابەجێ.

٤- وەڵامدانەوەی پرسیاری طەریقەت و بابەتە هەستیارەکان لەلایەن کەسانێکەوە کەهێشتا لە ئەلفوبێی طەریقەت و تەصەوفدا بوون.

لایەنێکی دیکەی نەخوازراویش هەیە کەبێ تێڕامان ئەهلی تەسەوف بەدەرچوو لەدین و بیرو بڕوای مسوڵمانان ئەداتە قەڵەم

٥- هەڵپەرستی کەسانێک کە پێگەی زانستی و تەسەوفیان نیە، بێ شەرمانە مێزەر و عەبا و تەکیەیان بۆ خۆیان مەیسەر کردوە بەلاسایی کردنەوەی گەورە پیاوانی ڕابردوو ئەیانەوێت بگەنە مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان، نازانن کە بەردەوام لەناو حەرامدان، چونکە کەسێک شایەنی کارێک نەبێت و بانگەشەی بۆ بکات لەهەر ڕێگایەکەوە پارە و پولێک بەو ناوەوە پەیدا بکات حەرامە، بۆ نمونە: کەسێک بانگەشەی کاری پزیشکی بکات و بەڵام پزیشک نەبێ سەرجەم داهاتەی حەرامە، بەهەمان شێوە کاری شێخایەتی ئەگەر کەسێک پلە و مەقامی تەصەوفی نەبڕیبێ لەخزمەت شێخێکی کامیل و موکەممیل ئیجازەی ئیرشادی نەبێت ئەوا سەرگەردانی ئەبێتە کاڵا و ئەبڕێ بەباڵایدا.

لەگەڵ ئەم بەشە لە واقیعی تەسەوف لە کوردستاندا، لایەنێکی دیکەی نەخوازراویش هەیە کەبێ تێڕامان ئەهلی تەسەوف بەدەرچوو لەدین و بیرو بڕوای مسوڵمانان ئەداتە قەڵەم، بێ ئەوەی ئامادە بێت چەند لاپەڕەیەک لەسەر مێژووی چەمکی تەسەوف بخوێنێتەوە تیری ژەهراوی ئاڕاستەی سەدان ساڵ خزمەتی شێخانی پایەدار و طەریقەتە بەرهەمدارەکان دەکات، ئاوڕێک ناداتەوە لە کتێبخانەی دەوڵەمەندی زانایان کە بە چ شێوەیەک باسیان لە تەسەوف

و ئەولیا و خزمەتەکانیان کردووە، گەورە پیاوێکی وەکو شێخ عەبدولقادری گەیلانی هەزاران موورید و موجاهیدی پەروەردە کرد، هەزاران کەسی نامسوڵمان بەهۆی ئامۆژگاری و بانگەوازی شێخەوە هاتنە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بوونە سەربازی خزمەتکاری ئیسلام، سەدان نمونەی دیکە کە لە ناو مەدرەسەکانی تەسەوف و طەریقەتە جیاوازەکاندا ئیسلام ئیسلامێکی عەمەلی بووە و نەکراوەتە پەیژە بۆ مەرامی شەخسی بەسەریا سەر بکەون، لە مێژووی ئەهلی تەسەوفدا جیهاد و گیان بەخت کردن لە پێشەوەی کارەکانیان بووە و سەرچاوەکانی تایبەت بە (ئازایەتی و گیان بەخت کردن) ی ئەهلی تەسەوف گەواهی ئەم ڕاستیانەن، ئەوەی جێگەی جەخارە لەهەندی کەناڵی بینراو و بیستراو ئەو ئایەتانەی لەسەر موشریک و کافرەکان هاتوونەتە خوارەوە خەواریج ئاسا ئەیبرن بەسەر ئەهلی تەسەوفدا، ئەوەندەی ئەهلی تەصەوف ناوزەد دەکەن بە موشریک و کافر و گۆڕ پەرست بە هیچ شێوەیەک پڕکێشی ناکەن لەسەر سەردانی کردنی گۆڕی کەسێکی دونیایی قسە بکەن، لە خەویشدا ناوێرن بە زیارەتکارانی گۆڕی کەسە سیاسی و دونیاییەکان بڵێن کافرن یان موشریکن یان گۆڕپەرست.

ئەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان خزمەتگوزارانی ئیسلام و کەسە هەلپەرستە فریودەرەکان

ئەم هەڵوێستە نەخوازراوە گورزێکی کوشندەی لەتەسەوف و ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە داوە، کە ڕاستکردنەوەی پێویستی بەهەوڵ و لێبڕانی هەموان هەیە و لەسەر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەشی ڕێنوینی و هوشیارکردنەوە کە پەردە لەسەر ڕاستییەکان لابدات و مێژوو وەکو خۆی بە مسوڵمانان بگەیەنێت.

لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە هێڵی ڕاست و دروست لە هێڵە چەوتەکان جیا بکرێتەوە، نابێ ئەوەی کە پێی دەوترێت ئەهلی تەسەوف بەیەک چاو سەیر بکرێت، ئەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان خزمەتگوزارانی ئیسلام و کەسە هەلپەرستە فریودەرەکان، ئەبێ نەوەی ئەمڕۆی دیندار ئەو ڕاستییە بزانێت کە زانستە ئیسلامییەکان لەڕێگای مەدرەسەی خانەقا و مەلا دەرچووەکانی ئەوان گەیشتووە بە ئێمە، تا هەموو ڕاستییەکان وەکو خۆی بەخەڵکی بوترێت و تەسەوف و تەریقەتەکانیش لە واقیعی ئەمڕۆی وڵاتدا لەسەر ئەرک و ماندوبوونیان دوعا و نزای خێریان بۆ بکرێت و کەسە نائەهلەکان کە خۆیان بە ئەهلی تەسەوف پیشانداوە بووەستێنرێن و چیتر ڕێگای لاف و گەزافی بێ بنەمایان پێنەدرێت.

تەسەوف لە ڕوانگەی تەوژمی سەلەفی هاوچەرخەوە

د. کەریم أحمد

* لەدایکبووی ١٩٥٩.
* خەڵکی دووزخورماتوو.
* پزیشکی پسپۆری منااڵن.
* تۆێژەر لەبواری فیکری ئیسلامیی.
* دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری تیشک و زەهاوی و ژیار و بانگخوازان.
* خاوەنی چەندین کتێب و تۆێژینەوەیە و لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا نووسینی هەیە.

سەلەفییەکان بە گشتی هەڵوێستیان لە غەیری خۆیان زۆر تونده بە تایبەت بەرامبەر بە ئەهلی تەصەوف، ئەوان جگە لەوەی ئەهلی تەصەوف بە ئەهلی سوننە نازانن لەبەر ئەوەی ئەشعەری و ماتوریدین، ئەشاعیرەو ماتوریدییەش بەلای سەلەفییەکانەوە ئەهلی سوننە نین بەڵکو ئەهلی بیدعەن، بە موشریك و گۆڕ پەرستیشیان ناوزەد دەکەن، ئەگەر ئەم حوکمانە شی بکەینەوە دەبێ بڵێین هیچ یەکێك لە ئەهلی تەصەوف چاوی بە بەهەشت ناکەوێت و بۆ هەتا هەتایە لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە! ئیتر هەرچی کردەوەیەکیان هەیە لە باوەڕبوون بەخوا و ڕۆژی دوایی و پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان ومەلائیکە و قەدەر و عیبادەتەکانیان لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و یادکردنی خواو مزگەوت دروستکردن و بانگەوازکردن بۆ دینی خوا و دەستگرتن بە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە هیچی ئەرزشی نییە!

ئەم دەرئەنجامە سەختەی ئەو حوکمەی سەلەفییەکان بەسەر ئەهلی تەصەوفیدا دەدەن، کە وەکو وتمان بریتییە لە بێ ئومێدبوونی هەمیشەییان لە سۆز و بەزەیی خوا، وای دەخواست پەلەپەل نەکەن لەو حوکمدانەیاندا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ڕووەدات پێچەوانەی ئەمەیە و زۆر بێباکانە ئەو حوکمە سەختانە لەسەر چین و تۆێژێکی گەورەی کۆمەڵگەی موسوڵمانان دەردەکەن کە زۆرێك لەوانە باو و باپیرانی خۆیانن. شایانی باسیشە زانایانی کۆن لە وێنەی (ابن تیمیه و ابن القیم) کە سەلەفییەکان بە ڕابەری خۆیانیان ئەزانن بەم شێوەیە توند نەبوون بەرامبەر ئەهلی تەصەوف و بەو گشتگیرییە قسەیان لەسەر نەدەکردن، تەنانەت یەکێکی وەکو (ابن القیم) شەرحێکی دوور و درێژی لەسەر کتێبی (منازل السائرین) ی شیخ (اسماعیل الهروی) نووسیوە کە کتێبێکی تەصەوفە و بەتایبەت بەرگی سێیەمی هەمان ئەو بابەتانەن لە مەسەلەی (فنا فی الله) و عشقی خوایی و هتد بەناوی (مدارج السالکین)، ئیمامی غەزالی لە (احیاو علوم الدین) دا باسی کردووە. ئەگەر بشتەوێ جیاوازی نێوان هەڵوێستی سەلەفییەکان و ابن القیم بزانی ئەو چاپەیان بخوێنەرەوە کە لە تەحقیقی (محمد حامد النصر)ە کە سەرۆکی جەماعەتی انصار السنه المحمدییەیە!

بەڵام ئەهلی تەصەوف هیچکات نەیانوتووە ئێمە ئەولیا دەپەرستین، نوێژیشیان بۆ ناکەن و لە ڕوگەکانیاندا دایان نانێن و سوجدەیان بۆ نابەن

ئەهلی تەسەوف کۆمەڵێك شتی هاوبەشیان هەیە، لەوانە: تەوەسول بە پێغەمبەر و پیاو چاکان، بایەخدان بە گۆڕی پیاوچاکان. ئەم خاڵە سەلەفییەکان بە شرك و عیبادەتکردنی غەیری خوای ئەزانن و ئەو ئایەتە ئەکەنە بەڵگە کە دەفەرموێت: (**وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ**)[1]، واتە ئەوانەی غەیری خوا دەگرن بە پشتیوانی خۆیان دەڵێن ئێمە ئەوانە تەنها بۆ ئەوە دەپەرستین لە خوا نزیکمان بکەنەوە. لێرەدا گەر سەرنج بدەی دوو شت باسدەکات لە ئەهلی تەصەوفدا نییە: یەکەمیان ئەوان بتەکانیان لە جیاتی خوا دەپەرست و

بەسەربەخۆیی پەنایان بۆ دەبردن و دانیان بەوەدا دەنا کە دەیانپەرستن، بەڵام ئەهلی تەصەوف هیچکات نەیانوتووە ئیمە ئەولیا دەپەرستین، نوێژیشیان بۆ ناکەن و لە ڕوگەکانیاندا دایان نانێن و سوجدەیان بۆ نابەن، بەڵکو نوێژ بۆخوا دەکەن و ڕوو لە قیبلە دەکەن و لەحەجدا تەواف بەدەوری کەعبەدا دەکەن، کە دەشچنە سەر گۆڕی شێخەکان تەوافیان بەدەورا ناکەن وەکو ئەوەی بەدەوری کەعبەدا دەیکەن، و سوجدەیان بۆ نابەن تەنها ئەوە هەیە کە باوەڕیان وایە ئەو پیاو چاکانە لای خوا پلەو پایەی تایبەتیان هەیە و لەدوای مردنیش و لەناو گۆڕەکانیاندا لەبەر ئەو ڕێزەی لای خوا هەیانە خوا لەبەر ئەوان وەڵامی داخوازییەکانی ئەمان دەداتەوە.

بەنیسبەت تەوسولیشەوە ئەوان باوەڕیان وایە کە ئەنبیاو ئەولیاو پیاوچاکان ڕێزی تایبەتیان هەیە لای خوا و مرۆڤی موسوڵمان ئەتوانێ لەبەر ئەو ڕێز و پلەو پایەیەی کە ئەوان لەلای خوا هەیانە داوا لە خوا بکەن لەبەر خاتری ئەوان پێداویستییەکانیان جێبەجێ بکات، واتە داواکە هەر لەخوایە بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەکۆمەڵێك ئایەت و فەرموودە دەبەستن نەك لە خۆیانەوە ئەو قسانە بکەن. کەواتە ئیمە نابێ ئەو ئایەتانەی لەسەر بت پەرستەکان دابەزیوە دابەزێنین بە سەر کەسانێکدا کە نە دەڵێن ئیمە ئەولیا دەپەرستین و نەبە کردەییش دەیانپەرستن.

یەکێکی تر لە ڕەخنەکانی سەلەفییەکان لە ئەهلی تەصەوف ئەوەیە کە ئەوان لە شیعەوە نزیکترن تا ئەهلی سوننە و تەصەوف قۆناغێکە بۆ تەشەییوع. ئەمەش ناڕەوایی زۆری تێدایە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەهلی تەصەوف و شیعەدا هەیە، ئەهلی تەصەوف لە عەقیدەدا ئەشعەری و ماتوریدین بەڵام شیعە موعتەزیلەن، صۆفییەکان لە فروعدا لەسەر یەکێك لە چوار مەزهەبە سوننییەکەن کە بریتین لە حەنەفی و مالکی و شافیعی و حەنبەلی، بەڵام شیعە جەعفەرین.

> **نابێ سەلەفییەکان چاوەڕوان بن ئەهلی تەصەوف خۆشیان بوێن یان ڕێزیان لێبگرن کاتێك ئەمان ئەوان بە مشرك و مبتدع و گومڕا ئەزانن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ چاوەڕوان بن ئەوان لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕێك بکەون دژ بە سەلەفییەت.**

سۆفییەکان سەرچاوەی دینداری و زانستیان جگە لە قورئان بریتییە لەو فەرموودانەی ئەهلی سوننە ریوایەتیان کردووە کە بوخاری و موسلیم و مالیك وتورمزی و نەسائی و ئەحمەد و ئەبوداود و ئیبن ماجە و بەیهەقی و نەوەوی و ئیبن حەجەر و هتد. بەڵام شیعە پشت بە کتێبەکانی کولەینی و توسی و تەبرەسی و قوممی و حللی و هتد دەبەستن.

ئەهلی تەصەوف چوار خەلیفەکان و سەرجەم هاوەڵان و خێزانەکانی پێغەمبەریان خۆش دەوێ و سوکایەتییان پێناکەن و، مێژووی ئیسلامی بە مێژووی خۆیان دەزانن.

ئەهلی تەصەوف وەکو شیعە باوەڕیان بە عیصمەتی سێزدە کەس نییە دوای پێغەمبەر.

ئەهلی تەصەوف باوەڕیان بەو مەهدییەی شیعە نییە، باوەڕیان بە ڕەجعەو بە بەداو و تەقییە نییە. ئەوان باوەڕیان وایە کە قورئان تەواوە و لەسەردەمی ئەبوبەکردا کۆکراوەتەوە و لەسەردەمی عوسماندا نوسخەکانی کراون بە یەک.

ئەهلی تەصەوف باوەڕیان بە زەواجی موتعە نییە بە پێچەوانەی شیعەوە.

لەبانگدا (اشهد ان علياً ولي الله و أشهد أن علياً حجة الله و حي على خير العمل) ناڵێن.

ئیتر پێم بڵێن کوێی ئەهلی تەصەوف لە شیعە دەچێت؟

تاقە شتێکی ئەهلی تەصەوف تاڕادەیەک لە شیعە بچێت بایەخدانیانە بە گۆڕی ئەولیا بەڵام بێئەوەی وەکو ئەوان بەدەوریاندا تەواف بکەن یان سوجدەیان بۆ ببەن، هەندێکیان تەریقەتەکەیان دەگێڕنەوە بۆ ئەهلی بەیت و زیاتر لەهاوەڵانی تر خۆشیان دەوێن، هەندێکیشیان دەیگێڕنەوە بۆ یەکێک لە خەلیفە ڕاشیدەکان وەکو نەقشبییەکان کە دەیگێڕنەوە بۆ ئەبوبەکری صدیق.

تۆمەتبارکردنی ئەهلی تەصەوف بە شیرک و بەوەی کە لەشیعەوە نزیکترن تا ئەهلی سوننە هەڵوێستێکی نابەرپرسانەیە و پاڵیان پێوە دەنێت بۆ باوەشی شیعە.

سۆفییەکان سەرچاوەی دینداری و زانستیان جگە لە قورئان بریتییە لەو فەرموودانەی ئەهلی سوننە ریوایەتیان کردووە

نابێ سەلەفییەکان چاوەڕوان بن ئەهلی تەصەوف خۆشیان بوێن یان ڕێزیان لێبگرن کاتێک ئەمان ئەوان بە مشرک و مبتدع و گومڕا ئەزانن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ چاوەڕوان بن ئەوان لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕێک بکەون دژ بە سەلەفییەت.

سیاسەتی شیعەکان وایە بەدوای خاڵی هاوبەشدا دەگەڕێن لەگەڵ تاقمە ئیسلامییەکانی

تردا به مەبەستی ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا و کارکردنە سەریان، بەڵام سەلەفییەکان بە پێچەوانەوە نەك هەر بەدوای خاڵی لێکچوندا ناگەڕێن بەڵکو خاڵی جیاوازی زۆر بچوك گەورە دەکەنەوە و هەندێکجار لە نەبوو دروستی دەکەن و لەجیاتی گەڕان بە دوای ئەو خاڵانەی خەڵکی پێ دەخرێتە بازنەی ئیمان و ئیسلام و ئەهلی سوننە، بەدوای ئەو خاڵانەدا دەگەڕێن کە خەڵکی پێ لە بازنەی ئیمان و ئیسلام و ئەهلی سوننە دەردەکەن.

ئەهلی تەصەوف نەك هەر نزیك نین لە تشیعەوە بەڵکو پارێزەری ناسنامای سوننی خەڵکی ئێران و ئەم ناوچەیە هەر ئەوان بوون، ئەگەر ئەشڵێن ئەوەتا شیعە ئیش لەسەر ئەهلی تەصەوف دەکات دەڵێین بۆ شیعە ئیش لەسەر چ تۆڕێك ناکات؟ ئەوان ئیش لەسەر هەموو تۆڕەکان دەکەن هەر لە هونەرمەندان و ڕاگەیاندنکاران و بیرمەندان و شێخ و سەییدەکان وتەنانەت مامۆستایانی ئاینی و مامۆستایانی زانکۆش.

ئەهلی تەصەوف بە گشتی خەون و کەشف و دڵ بە سەرچاوەی زانست دەزانن و باوەڕیان بەعیلمی لەدوننی هەیە کە زانستێکە خوا بە تایبەت لەڕێی تایبەتەوە دەیدا بە بەندە دڵسۆزەکانی بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك ئایەت و فەرموودە لەوانە (**وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ ۗ**)[٢].

ئەم هەڵوێستە تونددە نابەرپرسانەیەی سەلەفییەت لە ئەهلی تەصەوف بەتایبەتی و لە ئەهلی سوننە بەگشتی کە ئەشاعیرە و ماتوریدییە بەشێکی سەرەکی پێکدێنن بریتێکی قوڵ و قۆرتێکی قوڵی لەناو ئەهلی سوننەدا دروستکردووە، ئەوەتا تا ئەو کاتەی ڕەوتی سەلەفی سەریهەڵنەدابوو هەموو موسوڵمانێك لە هەموو مزگەوتێکدا نوێژی دەکرد و کەس نەیدەپرسی ئەمە صۆفییە ئەوە سەلەفییە و مزگەوت چێژێکی تایبەتی هەبوو، نوێژخوێنەکان زۆر پاڵیان نەدەدا بەیەکەوە بەڵام ڕقیان لەیەك نەبوو، یەکتریشیان تەکفیر و تەبدیع نەدەکرد، ئێستا شان لەشانی یەك و قاچ ئەلکێنن بە یەکەوە بەڵام ئەم ئەو بە موبتەدیع و ئەو ئەم بە موشریك دەزانێ!

پەراوێز:

١- سورەتی زومەڕ، ئایەتی ٣.

٢- سورەتی بەقەرە، ئایەتی ٢٨٢.

مێژووی سەرهەڵدانی تەسەوف

نووسینی: زامدار قادری

* لە دایکبووی ١٩٩٥، هەولێر.
* دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆژی.
* بەڕێوەبەری ناوەندی ڕەها.
* ٩ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هەر لەسەرەتای هاتنیەوە، بەو پێیەی ئایینێکی گشتگیرە و لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیدا دەسازێ. ئایینی ئیسلام لە ڕوانگە و دیدگەی پێکهاتنی مرۆڤەکان و ئارەزووی تاک بە تاکی مرۆڤەکاندا هەمەڕەنگییەکی لە پەرستشەکاندا، داناوە. دەبینی هێندێک حەز بە نوێژی سوونەت دەکەن، هەندێ ئارەزووی ڕۆژووگرتن، هەندێکیشیان حەز بە بەخشین و هەندێکیش زیکری پەروەردگار دەکەن. لەم دەلاقەیەیشەوە ئەوە دەبینین کە کۆمەڵە کەسانێ هەن حەز بە خۆشویستنی دنیا ناکەن هەردەم لەگەڵ ناخ و ئارەزوو و ویستەکانیان لە مەیدانی جەنگدان.

ئەگەرچی تەسەوف وەکوو ئەوەی قوتابخانەیەکی مەعنەویی و کردارییە، لە هەمانکات ئەزموونێکی زاتییە و تایبەتە بە سالیکان و ڕێبوارانی ئەم ڕێیە، چەشتنی چێژی ئیمان تێیدا شاراوەیە و تایبەتی تایبەتانە (خاص الخواص).

کاتێ، لە سەردەمی عەبباسییەکاندا دونیا بە ڕووی ئیسلامدا کرایەوە و وڵاتانی ئاسیا و ئەوڕووپا و ئەفریقا فەتح کران، خەڵک بە گشتی تووشی خۆشویستنی دونیا بوون، بە جۆرێک کە خۆشییەکان یادی خودای کەم کەمە بیر دەبردنەوە. لەو ساتەدا کۆمەڵێک خەڵک پەیدابوون کە مەقامی «ئیحسان»یان پەیڕەو دەکرد، کە دروشمەکەیان ئەوە بوو: «بەوجۆرە خوداپەرستی بکە، وەکوو ئەوەی خودا ببینیت، خۆ ئەگەر تۆش نەتبینی، ئەوا خودا دەتبینێت» بوو، پێیان دەگوترا «زاهیدان»، بەڵام دواتر بە «تەسەووف» ناوبانگیان دەرکرد.

دواجار چەمکی «تەسەووف» بووە قوتابخانەیەکی پەروەردەیی، وەکو هەر قوتابخانەیەکی زانستیی دیکە لەو کاتەدا.

وەکوو زانایان باسی لێوە دەکەن، لە ساڵی ١٥٠ی کۆچیدا، یەکەم کەس کە پێی گوتراوە «سۆفی»، «ئەبو هاشمی سۆفی» بووە.

ئەگەرچی تەسەووف وەکوو ئەوەی قوتابخانەیەکی مەعنەویی و کردارییە، لە هەمانکات ئەزموونێکی زاتییە و تایبەتە بە سالیکان و ڕێبوارانی ئەم ڕێیە، چەشتنی چێژی ئیمان تێیدا شاراوەیە و تایبەتی تایبەتانە (خاص الخواص).

لەبەرئەوە ئەو توێژەی لەو بابەتە ئەسپی خۆیان تاو داوە، هەموویان بە بەرزیی ماونەتەوە، لە نموونەی (شێخ حەسەنی بەسڕی و حارسی موحاسیبی، و ئەبوبەکری شیبلی، و مەعروفی کەرخی، و جونەیدی بەغدادی، و عەبدولقادری گەیلانی، و شاهی نەقشبەند و سەید ئەحمەدی ڕیفاعی... چەندانی تر.

تەسەوف وەکو زانست

ئەو زانستە گرنگە وەکو کتێب و نووسراو، یەکەم کەس کە کتێبی لەبارەی تەسەووف نووسیبێت، زانای پایەبەرز «حارسی موحاسبی» بووە، کە لە ساڵی ٢٤٣ کۆچیدا، کتێبێکی بەناوی (آداب النفوس) نووسیوە.

دوای ئەویش «شێخ ئەبوسەعیدی خەڕاز» لە ساڵی ٢٧٧دا، کتێبی بەناوی (الطریق الی الله)نووسیوە.

سەبارەت بەناونانی تەسەوف

زانایان بۆچوونی جیایان لەبارەی ناونانی «تەسەوف»ەوە هەیە، لەوانە:

١- کۆمەڵێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەنێو مزگەوتی مەدینەدا دەمانەوە و پێیان دەگوتن (ئەهلی سوففە)بوون، و خواپەرستییان دەکرد و هیچ شتێکی دنیایان نەبوو بۆیە بەناوی ئەو زاهیدانەوە ناونراوە تەسەووف.

٢- بەشێکی دیکە دەڵێن سۆفی واتە: ئەو کەسەی دڵی خاوێن کرابێتەوە و دڵڕوون بێت. بۆیە ئەمانیش هەمان سیفەتیان تێدابوو، بۆیە پێیان دەڵێین سۆفییەکان.

٣- بەشێکیان دەڵێن مەبەست لەوە: بریتییە لەوەی ئەو زاهیدانە پۆشاکی سووف (خوری)ی زبر و ئەستوور و ناڕەحەتییان دەپۆشی، تاکوو نەفسی خۆیان ئازار بدەن، لە لایەکی دیکەش چونکە زۆر هەرزان و کەم قیمەت بوو، هەردەم ئەوەیان لەبەر دەکرد.

> **«شێخ مەعروفی کەرخی» ساڵی (٢٠٠ هیجری وەفاتی کردووە) دەربارەی تەسەوف دەڵێ: تەسەوف دەستگرتنە بە هەقیقەت و، دەستبەرداربوونی ئەو شتانەیە کە خەڵک حەزی پێ دەکەن.**

زۆر بۆچوونی دیکەیش هەن، بەڵام ئەوانەی باسمان کردن، لە هەموویان زیاتر زانایان باسیان کردوون.

بەڵام بۆچوونی «خاوێنکردنەوەی دڵ و دڵپاکبوونەوە» لە هەموو بۆچوونەکان نزیکتر و ڕاستترە، هەروەکو ئیمامی قوشەیری (٤٣٨ هـ)ک دەڵێت: هەموو بۆچوونەکان دەربارەی تەسەووف هەڵەن، بەڵکو ڕاستەکە ئەوەیە کە لەبەر سەفای دڵ و دەروون و پاکییان ناونراون بە سۆفی.

پێناسەکانی تەسەوف

«شێخ مەعروفی کەرخی» ساڵی (٢٠٠ هیجری وەفاتی کردووە) دەربارەی تەسەوف دەڵێ: تەسەوف دەستگرتنە بە هەقیقەت و، دەستبەرداربوونی ئەو شتانەیە کە خەڵک حەزی پێ دەکەن.

«شێخ جونەیدی بەغدادی» (٢١٥ هیجری لەدایک بووە) دەربارەی تەسەووف دەڵێ: تەسەووف ئەنجامدانی هەموو ڕەوشتەبەرزی و ئاکارە باڵاکانە و، وازهێنانە لە هەموو خوڕەوشتێکی(خوو و ڕەوشت دووشتن، لێکیش جودان، شەرت نییە ڕەوشت خوو بێ! یان خوو ڕەوشت بێ!) خراپ و ناپەسەند.

تەسەوف وەکوو وشە:

عاریفانی تەسەووف دەربارەی وشە بە وشەی تەسەوف دواون و گوتوویانە (تصوف) بەو واتایە دێت:

(ت): بە واتای (تەوبە) دێت.

(ص): بە واتای (صفاء القلب «پاککردنەوەی دڵ») دێت.

(و): بە واتای (ویلایەت «یار و یاوەری خودا») دێت.

(ف): بە واتای (فەنا «لەناوچوونی دڵ لە ویستی غەیری خودا) دێت.

بۆچوونی زانایانی پێشین لەسەر تەسەوف:

«ئیمامی مالیک» دەربارەیان فەرموویەتی: کەسێک شەرعزان بێت و سۆفی نەبێت، ئەوا «فاسیقە». کەسێکیش سۆفی بوو، بەڵام شەرعزان نەبوو، ئەوا «زندیقە». هەرکەسێکیش هەردووکیان کۆ بکاتەوە، ئەوا دەگات بە «حەقیقەت".

«ئیمامی شافیعی» دەربارەیان فەرموویەتی: سێ شتم لە دنیای ئێوە لا خۆشەویستە:

١- وازهێنان لە تەکلیف کردن.
٢- نەرمونیانی لە ئاکار و ڕەفتاردا.
٣- شوێنکەوتنی ڕێگە و ڕێبازی تەسەووف و سۆفییەکان.

هەروەها لە دیوانەکەیدا (لاپەڕە ٣٩) دەڵێ: شەرعزان و سۆفی بە، نەکەی بە تەنیا یەکێکیان بیت. من ئامۆژگاریت دەکەم ئەگەر وا نەکەیت، ئەوا لە خەسارەتمەندانیت، چونکە ئەوەی شەرعزان بێت و سۆفی نەبێت، دڵێکی ڕەقی دەبێ و تامی تەقوا ناکات. ئەوەیشی سۆفی بێ و شەرع نەزانێ، جاهیل و نەفامە.

جۆرەکانی تەسەوف:

وەکو هەر زانستێکی دیکە، تەسەووفیش جۆری جیاوازی هەیە کە بنچینەیین. لە تەسەوفدا، دوو گروپی زۆر ناسراو هەن، کە هەریەکەیان بنەما و بنچینەی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە ئەمانەن:

١- عیرفانی سلوکی: ئەم جۆرە بریتییە لەوەی سالیک لە ڕێگەی شێخەکەیەوە پایەکانی ناسینی ئیلاهی دەناسێت، بە پێدانی زیکر و خەلوە و شکاندنی نەفس و جیاوازیکردنی ئارەزووەکان. هەر شێخێکیش بە گوێرەی سالیکەکە جۆرەکانی زیکر و شێوازەکانی جیاوازە.

٢- عیرفانی فەلسەفی: ئەم جۆرەیان بریتییە لە تەحقیقکردنی ئەو کەسە بە تەنیا و لە ڕێگەی کتێب و گەڕان دەتوانێ بە مەعریفەتی ئیلاهی بگات. ئەگەرچی ئەو ڕێگایە کەمتر ڕێبواران پێیدا تێپەڕ دەبن، بەهۆی کەمی چەشتنی مەعنەویی و زەحمەتی ڕێگاکە و هەندێجاریش نەبوونی مورشید دەبێتە هۆی سەرگەردانی و گوم بوونی ئەو سالیکە.

سەرچاوەکان:

- البداية و النهاية لأبن كثير.
- سير أعلام النبلاء للإمام الذهبي.
- تأريخ ابن خلدون.
- رسالة القشيرية للإمام عبدالكريم القشيري.
- مدارج السالكين للإمام ابن قيم الجوزية.
- صفة الصفوة للإمام ابن الجوزي.
- احياء علوم الدين لاإمام الغزالي.
- الشفا للقاضي عياض، شرح ملا علي القارئ.
- ديوان الإمام الشافعي.
- التصوف طريقة التزكية و الإحسان.
- كشف الخفا و مزيل الالتباس.
- المقاصد للإمام النواوي.
- التعريفات للإمام الجرجاني.
- تذكرة الأولياء للإمام فريد الدين عطار النيشابوري.
- الكواكب الدرية للإمام المناوي.
- الفتح الرباني للشيخ عبد القادر الجيلاني.

نەی نامە

شیعری: مەولانا جەلالەدینی رۆمی - وەرگێڕانی: پرۆفیسۆر د. صباح بەرزنجی

* ناوی تەواو : سەباح محەمەد نەجیب حەسەن بەرزنجی .
* لەدایکبووی ١٩٦٨/٨/١ لە گوندی نەوێی پارێزگای هەڵەبجە، لە بنەماڵەیەکی زانستخوازی ئاینی.
* هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فیقهو بنەماکانی یاسای ئیسلامی لە زانکۆی تاران ساڵی ٢٠٠١، تێزەکەی بەناونیشانی (بزاڤی فیقهی ئیسلامی لە گوزەری مێژوودا).
* سەرپەرشتیی زۆر نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە لە پسپۆرییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی و شەریعەت و یاسا و بابەتە مێژوویییەکان.
* بەشداریی چەندین لێژنەی تاوتوێی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بووە لە زانکۆکانی سلیمانی و سەلاحەدین و ئەکادیمیای مرۆیی مالیزی و کۆلیجی ئیمام ئەعزەم و زانکۆی عیراقییە و زانکۆی جینان لە لوبنان.
* چەندین باس و توێژینەوەی زانستی و هزری نووسیوە.
* بەشداریی زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی کردووە لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان.
* ئەندامێتی زۆر سەنتەر و ناوەند و دەستەی نووسەرانی گۆڤارە زانستییەکان بووە.
*چەندین دانراوی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و چەند وەرگێڕانێکییشی هەیە.

«نەی نامە» یاخود «نالّەی نەی» یەك لە جوانترین و ڕەوانترین شیعرەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (مەولەوی)ە. کە خەیالّی خوێنەران ئەباتە نێو جیهانە بەرین و بەرفراوانەکەی عیرفان و عیشقی ئەو زاتە بەرزە.

(نەی نامە) نامەی هەموو عاشقانی ڕاستەقینەیە، ڕاستەقینە بەڕۆح و دلّی خۆیان، ئەگەرچی ئەم شیعرە گەورەیە جارێکی تر وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، بەلّام با خوێنەری هەردوو وەرگێڕانەکە بڕیار بدات کامیان توانیویەتی خۆی لە ڕۆحی شیعرەکەی (مەولەوی) نزیك بخاتەوە.

گوێ لە نەی بگرە و لە جۆری داستان — چـــۆن دەنالّێنێ لە دووریی دۆستان
دابڕاوم مـــن لە نەیـــزاری وەتـــەن — بۆیە بۆ نالّەم هەموو شیوەن دەکەن

گوێ له نەی بگرە و له جۆری داستان
چۆن دەناڵێنێ له دووریی دۆستان

دابڕاوم من له نەیزاری وەتەن
بۆیە بۆ ناڵەم هەموو شیوەن دەکەن

من گەرەکمە سینەیەك توێ توێی فیراق
تا بکەم توێ توێ بەیانی ئیشتیاق

هەرکەسێك دووربێت له کانیی ئەسڵی خۆی
بەردەوام کۆشش ئەکا بۆ وەسڵی خۆی

من له هەر کۆرێ دەناڵێنم به کوڵا
بوومە هاوڕێی بەختییار و داخ له دڵا

هەر کەسێ پێی وایە بۆتە یاری من
گەرچی نەیدۆزی له من ئەسراری من

رازی من له ناڵەیی من دوور نیە
چاو و گوێ ئەما خودانی نوور نییە

لەش له گیان و گیان له لەش مەستوور نییە
دیتنی گیان بۆ مرۆ دەستوور نیە

ئاگرە ئەم بانگی نایە و با نییە
هەر کەس ئەم ئاورەی نییە بە خوا نییە

ئاگری عیشقە له شمشاڵا بەر بووە
جۆشی عیشقە تێکەڵی ئەحمەر بووە

هاوەمی گشت دووره ئازیزانە نەی
پەردەیی سەرچاوی لابرد پەردەکەی

کێ وەکوو نەی ژەهر و هەم تریاقی دی؟
کێ وەکو نەی یار و هەم موشتاقی دی؟

نەی دەکا دیرۆکی عیشقی پڕ له خوون
باس ئەکا بۆمان ئەوینی پڕ جنوون

مەحرەمی ئەم هۆشە کێیە مەست نەبێ؟
کێیە کریاری زمان گوێی هەست نەبێ؟

بۆ غەمی مە رۆژەکان بێ کات بوون
رۆژەکان و سۆزەکان هاوسات بوون!

بێچگە ماسی گشت کەسێ تێراو ئەبێ
پیاوی بێ رزق بۆ مەرگ تەنگاو ئەبێ!

کاڵا ئەبەد نازانێ حاڵی کاملان
باقسە بەس بێ و برۆینە حاڵمان!

کۆت و بەند بپسێنە، ئازاد بە برا
تاکو کەی کۆیلەی له بۆ سیم و تەلا؟

ئاوی دەریا گەر بکەیتە گۆزەیەك
چەندی تێ دەڕوا، بەشی یەك رۆژە یەك!

چاوی چاوبرسی بە دنیاش پڕ نەبوو
تا صەدەف قانیع نەبوو پر دووڕ نەبوو!

هەرکەسێ بۆ عیشق دڕابێ ئێخەکەی
پاك له نەنگی و حیرص و گەردە بێخەکەی!

شاد بە ئەی عیشقی خۆش سەودایی مە
ئەی پزیشکی گشتی دەرد و دایی مە

ئەی تۆ هەتوانی فشە و سالووسی مە
ئەی تۆ ئەفلاتوون و جالینووسی مە

عیشق بوو جەستەی بەرەو ئەفلاك برد
کێوی خستە لەرزە وو چالاکی کرد!

عیشق بوویە گیانی توور ئەی عاشقان
تووری مەست کرد و (کەلیم)یشی هەژان

ئاخ ئەگەر دوو لێوی من لێویی دەگەست
جا دەبوومە نای و بەستەم هەڵدەبەست!

هەر کە جیابێتەو له یاری هاوزمان
صەد نەواشی گەرهەبێ نایبێ زوبان

هەرکە گوڵا رۆیی و گوڵستانی گوزەشت
بولبولی شەیدا چلۆن بڕواتە گەشت؟

خۆشەویستە گشت و عاشق پەردەیە
زیندووە مەعشووق و عاشق موردەیە

چۆن عیشق نابێتە هەست و لەیلی ئەو
ئەو مەلێکی بێ پەڕە بێ مەیلی ئەو!

چۆن ببینم پێش و پاش و شەشدەرم؟
گەر نەبینم نووری یاری دولبەرم؟

عیشق گەرەکیە ئەم قسە پەیدا بکا
مەرجە ئاوێنە هەموو شت دەربخا

تۆ ئەزانی جامی تۆ بۆ وانییە؟
چونکە ئەو ئاوێنەیەت ژەنگاوییە!

ئەی ڕەفیقان گوێ گرن لەم قیصصەیە
چون بە راستی نەقدی حاڵی ئێمەیە.

تەسەوف
لە نێوان شەرعی بوون
و ناشەرعی بووندا

هیدایەت قەرەداعی

* هیدایەت جەمال ئەحمەد، ناسراو بە هیدایەت قەرەداغی، سالّی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە.
* خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسە لە زانکۆی سەڵاحەدین.
* ئێستا مافپەروەرە بە ناونیشانی دادنووس.
* جگە لە پیشەی سەرەکی کە مافپەروەرە، لە چەندین بواری تردا کاری کردووە دیارترینیان هونەرە لە بواری نواندن لە شانۆ و دراما و فیلمی سینەمایی، هەروەها لە ڕاگەیاندن کاری کردووە و کاری سیاسیشی کردووە.
* لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بابەتی بڵاوکردۆتەوە و کتێبێکیشی بە چاپ گەیاندووە بەناونیشانی پێ بکەنە و خەونەکانت بڕەوێنە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەرچەندە یەك ڕێباز و یەك ئامانجە ئەویش یەکتا پەرستییە، بەڵام لە نێویدا چەند بیروڕا و ڕێگا و ڕێبازی جۆرا و جۆر و هەمەلایەن هەن، واتە هەمووی یەك بەرنامە و یەك ئامانجە بە ڕێگای جیاواز، تەسەوفیش یەکێك لەو ڕێبازو و ڕێگایانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکتا پەرستی، جا قسە و قسەڵۆکی زۆر دەربارەی شەرعی بوون و ناشەرعی بوونی لەسەرە، هیچ بەرنامەیەکیش ئەگەر چی لە ئاینەوە وەرگیرابێت بەڵام مادام مرۆڤەکان خاوەندارێ دەکەن بێ گومان کامڵ نیە، تەسەوف و ڕێبازەکانی تریش بەهەمان شێوە کامڵ نین و هەڵەیان تیادایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هیچ ڕێبازێك لەم ئاینە ڕەتنەکرێتەوە، بەڵکو لایەنە چاکەکانی دەست نیشان بکەین بۆ گەشەپێکردنی، وە لایەنە خراپەکان و هەڵەکانیشی بەڕەخنەی بنیاتنەر ڕاست بکەینەوە.

لە ناو دونیای ئیسلام و شەریعەتی موحەممەدییدا، بەتایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی خەلافەت کۆمەڵێك تەریقەتی تەسەوف دەرکەوتوون، هەرچەندە تا ئێستاش دژایەتی دەکرێن و بەلادەر ناو دەبرێن، بەڵام بەردەوامن، کە لە بنەما و ئامانج و مەبەستدا یەکێکن، بەڵام لە گرتنەبەری ڕێگەدا کەمێ جیاوازییان هەیە، هەر لە کوردستاندا دوو تەریقەت (نەقشبەندی و قادری) هەبوون. لە بیرەوەریی ئێمەدا و تا نیزیکی شەستەکان، وێنەی سۆفی، یان دەرویش، ئەو وێنە دروستە نەبووە کە لە سەرچاوەکانی تەسەوفدا هەبووە، تەسەوف لە ئاوێنەی ژیانی ئەو جۆرە سۆفیانەوە، گۆشەگیریی و پابەندبوون بە چەند شتێکی خورافیی و ڕواڵەتییەوە بووە، بۆیە دەشێ لە باس و پێناسەی سۆفی و تەسەوفدا ئەو وێنەیە بێتە زەینمانەوە. بەڵام ئەگەر بۆ سەرچاوەکانی تەسەوف و تەریقەتەکان و ژیانی سۆفی و عاریفە گەورەکان بگەڕێینەوە؛ وێنەیەکی دیکە و دونیایەکی دیکە دەبینین..

وەك شارەزایان باسی دەکەن تەسەوف (ڕێگە)ی گەییشتنە بە ناسینی خودا، تا گەیشتن بە پایەی نیزیکی(قرب)، تا گەیشتن بە (شهود ــ بینینی ڕۆحیی) و ئاوێتەبوون بە جیلوەی ناوە جوانەکانی، ئەمەش لە ڕێگەی (کەشف) و (حاڵ) و بڕینی چەند (مەقام)ێکەوە. تەسەوف (ڕێگە)یە بۆیە پێی دەگوترێ (تەریقەت)، لە (شەریعەت)ەوە دەست پێدەکات، تا گەییشتن بە (حەقیقەت)، حەقیقەتی یەقینیی. تەسەوف گرتنەبەری ڕێگەی (عاشقانە)ی (ناسین) و پەرەستشی خودایە، ڕوانینی عاشقانەیە بۆ خەلق و بۆ خودا ..، کە تەسەوف بە (عیرفان)یش ناو دەبرێ، عیرفان پێوەندیی بە ناسینەوە هەیە، خۆناسیی و خوداناسی.

قوتابخانەی تەسەوفی (زوهدیی)ش کە (خەشیەت) بنەمایەتیی، بە هەمان شێوە، ئەویش کار لەسەر دیوی ڕۆحیی و تەزکیە دەکات، ئەویش هەر گرتنەبەری ڕێگەیە بەرەو ناسین و نزیکیی لە خودا و دابڕان لە دونیا..ئیمان و ئایینداریی دوو دیوی هەیە، دیوێکی دەرەکیی، دیوێکی ڕۆحیی ــ نێوەکیی، وەك چۆن دیوە دەرەکییەکە (باس) لە عەقیدە و پایەکانی ئیمان و ئیسلام و (چۆنێتیی) ئەنجامدانی پەرەستشەکان دەکات، دیوە نێوەکییەکەش باس لە (چییەتی و چێشتن)ی ئیمان و پەرەستشەکان دەکات.

تەسەوف لە قورئاندا بە (تەزکیە) و لە فەرموودەشدا بە (ئیحسان) ناو براوە، ئیحسانیش واتە وا بزانی خودا دەبینی، یان هەست بکەی کە ئەو بەردەوام دەتبینێ. باوەڕداران هەموو دەزانن کە خودا هەیە، یان ئەو دەیانبینێ، بەڵام تەسەوف پێیان دەڵێ؛ گرنگ ئەوەیە هەست بە بینینە خوداییەکە بکەن، هەروەها لە زانینیشەوە بە ناسین بگەن، لە (علم الیقین)ەوە بۆ (عین الیقین) و (حق الیقین).. ئەمەش هەمووی جەوهەری ئایینداریيە و ناوی تەسەوفی لێنرا.

هێندێ لە گوتەی سۆفیەکان کە بە(شەتەح) ناو دەبرێن لە ڕواڵەتدا مانای نادروست دەگەیەنن، بەڵام کە بە قوواڵایی وتەکاندا ڕۆبچی وەها نیە

دەرکەوت کە تەسەوف کرۆکی ئایینە، ڕەگوڕیشەی لە نێو دەریای قورئاندایە. ئەم پرسیارە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بۆ دەکرێ..؟ لە نێو هێندێ لە ئایینداڕەکاندا ــ بە تایبەت ڕەوتی سەلەفیی - تەسەوف بە شتێکی جیاواز لە شەریعەت، بە گومڕێیی، یان بە ڕێگەیەکی دروستکراو(داهێنراو - بدعە) زانراوە.. لە دەرەوەی کایەی ئایینداریيش، هێندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان، تەفسیر و ڕوانینی نادروستیان بۆ تەسەوف هەبووە، بۆ نموونە؛ ئایینە زەمینیەکان، فەلسەفە، مەسیحییەت و ئاینی دی، ڕێرەوی باتنیەکان، بە سەرچاوەی تەسەوفی ئیسلام دەزانن.(من نکوڵی لە کاریگەریی کەلتوورەکان لەسەر یەکدی ناکەم، کاریگەریی و سوود وەرگرتن لە سنووری خۆیدا شتێکی ئاساییە).

جارێ با ئەوە ڕوون بکەینەوە شەریعەت ــ بە مانا گشتییەکەی ــ هەموو دین دەگرێتەوە، سەرەتا قورئان، هەروەها پەیامە ئاسمانیەکانی پێش قورئانیش بە شەریعەت ناوبراون، لە زانستی (ئوسوڵی فیقهدا) خوداش بە (شارع) ناو دەبرێ، هەروەها ژیانی ئاینیانەی پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لێ بێت) بەشێکی گەورەیە لە شەریعەت، بۆیە زێدەگۆییە ئەگەر بڵێین تەسەوف لەگەڵ شەریعەت ناگونجێ، یان دژایەتیی دەکات، ئەوەی کە لە بارەی تەسەوفەوە بە ناوی شەریعەتەوە دەگوترێ، شتێکی کەمە لە ڕووبەری شەریعەت کە فیقهە(بە مانا زاراوەییەکەی ــ بە مانای باسی ئەحکام).

بەڵێ هێندێ لە فەقیهەکان قسەیان لەسەر تەسەوف هەیە، بەڵام مانای ئەوە نیە تەسەوف لەگەڵ شەریعەت و دین نەسازە، بە تایبەت ئەگەر قسەکردنەکە لە چوارچێوەی بۆچوونداێ. بە نامۆ زانینی تەسەوف، یان تاوانبارکردنی بە لادان لە شەریعەت، لە چەند شتێکەوە سەرچاوەی گرتووە..هێندێ لە بەناو سۆفیەکان لە ڕۆحی تەسەوف لایانداوە، خۆیان بە شتی ڕواڵەتیی و خورافیی سەرگەرم کردووە، پایەی شێخ و ڕێبەرەکانی تەریقەتیان لە سنووربەدەر لەلا بەرز و گەورە بووە. سۆفیەکان خۆیشیان قسەی تونديان لەسەر ئەمە کردووە، بۆ نموونە مەحوی بەشێك لە شیعرەکانی سەرکۆنەکردنی توند و ڕاستەوخۆی بە ناو شێخ و سۆفییە..

بێگومان سۆفیەکانیش فریشتە نەبوون، لە گرتنبەری ڕێگەی خۆیاندا، خلیسکان و لادانیان هەبووە، (وەك مامۆستا نوڕسی باسی کردووە) خەڵکی وەهایان تێکەڵ بووە لە مەبەستە سەرەکییەکان دوورکەوتۆتەوە

هۆیەکی دیکە ئەوەیە، لە ڕووکەشی گوتەکانی سۆفیە گەورەکانیان ڕوانیوە، ڕوانینی لەم جۆرەش، بۆ هێندێ ئایەتی قورئان و گوتەی پێغەمبەریش(درودی خوای لێ بێت)، تێگەیشتنی هەڵە دروست دەکات، بەڵێ بێگومان هێندێ لە گوتەی سۆفیەکان کە بە(شەتەح) ناو دەبرێن لە ڕواڵەتدا مانای نادروست دەگەیەنن، بەڵام کە بە قووڵایی وتەکاندا ڕۆبچی وەها نیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەوە قسەی کاتی مەستیی و جۆرێك لە بێئاگاییە. هۆیەکی دیکەی ئەو تاوانبارکردنە، ململانێی نادروستی نێوان هێندێ لە زانای فەقیهی نزیك لە دەسەڵات بووە لەگەڵ سۆفیەکاندا، یان ترس لە پایە و پێگەی خۆیان، بۆیە زۆرجار سۆفیە گەورەکان شتیان بۆ هەڵبەستراوە، بە مەترسیی بۆ سەر دەسەڵات تاوانبار کراون..ئەگینا بەشێکی زۆریش لە زانا و فەقیهە گەورە و ناسراوەکان، ستایشی زۆر لایەنی تەسەوفیشیان کردووە، (ئیمامی غەزالی) سۆفی بووە و فەقیە و زاناش بووە، (ئیبنولقەییم) فەقیە و قوتابی (ئیبن تەیمیە) بووە، کەچی هاتووە سەرچاوەیەکی تەسەوفی وەك (منازل السائرین/ی هروی) کردووە بە بنەمای نووسینی کتێبی (مدارج السالکین)، ئیمامی (مالیك و شافیعی) و هی دی، ستایشی تەسەوفیان کردووە، بە تەواوکەری فیقهو شەریعەتیان زانیوە. شێخ سەعیدی نوڕسی کە زانایەکی عاریف بووە، لە پەیامی (نووری حەقیقەت)دا، زۆر ڕووی جوان و دەوشاوەی تەسەوفی دەخستووە.. کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی کە دەڵێن زانا و فەقیهەکان دژی تەسەوف بوون، هەر تەنیا بەشێك لە قسەکانی ئەوان دەهێنن، یان بۆ گوتەی هەموو زاناکان ناگەڕێنەوە.

بێگومان سۆفیەکانیش فریشتە نەبوون، لە گرتنبەری ڕێگەی خۆیاندا، خلیسکان و لادانیان هەبووە، (وەك مامۆستا نوڕسی باسی کردووە) خەڵکی وەهایان تێکەڵ بووە لە مەبەستە سەرەکییەکان دوورکەوتۆتەوە، بەڵام خۆ ئەمە هەر بۆ ئەوان نەبووە، هەندێ لە زاناو فەقیهەکانیش هەڵەیان هەبووە، ناحەقییان گوتووە، فەتوا و حوکمی نادروستیان داوە، دەتوانم بڵێم هەڵە و لادانەکانی زانا و فەقیهەکان مەترسیدارتربووە، زۆرجار جەنگ و کارەساتی بە دوای خۆیدا هێناوە، لە نێو خۆیشیاندا دونیایەك جیاوازیی و ناکۆکییان هەبووە.

گوتمان تەسەوف بە (تەزکیە) لە قورئان و بە (ئیحسان) لە فەرموودەدا ناونراوە، ئەمە بۆچوونی زۆر لە زاناکانیشە، (ابوالحسن الندوی) لە پێشەکی کتێبی (بین التصوف و الحیاة/ عبدالباری الندوی)دا ئەمەی گوتووە، لە کاتێکدا ناوبراو سۆفی تەریقەتێك نەبووە.

تەسەوفی زوهدیش، کە گوتمان (خەشیەت) بنەمایەتی، دەکرێ بڵێین ڕێگەکەیان لەم ئایەتەوە ڕەنگی بۆ ڕێژراوە (**وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ**)[1] پاشان (**وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾**)

[٢]، ئەوەیش لە پێناو گەیشتن بە (**فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾**)[٣].. بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بوو(**فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿٣٨﴾**)[٤] ئاکامەکەی (**فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾**)[٥]یە، ئەمانە چەند ئایەتێکی یەك لە دوای یەکی سووڕەتی(النازعات)ن..هەروەها هەموو مەقامەکان (لە تەوبەوە، تا فەنا و بەقا)، (حاڵ)ەکان و زیکر و پەرستشەکانیان ئەسڵی قورئانییان هەیە..ئەگەر سەیری هێندێ لە سەرچاوەکانی تەسەوف بکەین، بۆ نموونە (الرسالە القشیریە/قشیری، قوت القلوب/ابی طالب مکی، تنویر القلوب/محمد امین اربلی، هەروەها (تەسەوف چییە/ئەمین نەقشبەندی) ــ کە یەکەمین سەرچاوەی زانستییە بە زمانی کوردی لەبارەی تەسەوفەوە) و چەندین سەرچاوەی دی، هەموو باسیان لەوە کردووە کە تەسەوف لە قورئان و ژیانی پێغەمبەرەوە(درودی خوای لێ بێت) سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر جۆرێك لە گوناهـ و تاوان دەرەکیی (ظاهر)ی بێ، جۆرێکی دیکەی نێوەکییە..(**وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ**)[٦]. جا تەسەوف ڕێگەی ڕاماڵینی ئەو جۆرە گوناهانەیە بە گەورە و بچووکیانەوە، هەر ئەمانەشن سەرچاوەی گوناهە دەرەکییەکان.

بۆیە یەکێك لە پێناسەکانی تەسەوف «خۆ خاڵییکردنەوەیە لە بەدکاریی و خۆڕازاندنەوەیە بە جوانکاریی و چاکەکاریی»..بۆ دەرخستنی ئەوەی کە سۆفیان نەیاری شەریعەت بوون، یان لایانداوە لێی، کارێکی دروست نیە لە نێو دونیایەك گوتە و شیعر و نووسینی ئەواندا، شتێکی زۆر کەم بە بەڵگە بکرێ، ئەی لەبارەی گوتە و شیعر و بەرهەمی دیکەیانەوە کە دووکەڵی سووتان و عیشقی خوداوەندی لێهەڵدەستێت، لەبارەی ئەو پەرەستشە چڕ و پڕەیانەوە، چی بڵێین؟!

ئەوان بە پەرستشی قووڵ و عاشقانە، بە زوهد و خۆ نەویستیی، بەو پلەو پایانە گەیشتوون، بە چی بوون بە وەلی و ڕێبەر، بە چی گەیشتوون بە کەشف و شهوود، خۆ بە لادان لە شەریعەت نەبوون..! (سری سەقەتیی) (٣٠) ساڵ (ئیستیغفار)ی کردووە بۆ گوتنی (الحمد لله)یەك کە لە جێی خۆیدا نەبووە، هەواڵیان داوەتێ؛ ئاگرێك کەوتۆتەوە زیانی بە دوکانەکەی ئەو نەگەیاندووە، گوتوویەتی (الحمد لله)، دوایی داوای لێبوردنی کردووە، چۆن دەبێ گوێم لەوە نەبێت کە خەڵکی دی زەرەرمەند بووبن..؟(بەستامی) کە یەکێکە لەوانەی زۆر تاوانبار کراوە بە لادان لە شەریعەت، لە ڕووی عیففەت و پابەندبوون بە ئەخلاقەوە گەیاندبوویە پەڕگیریی و حەزی دەکرد لە خودا داوا بکات؛ بەرگەی ڕەبەنیی و برسێتی بگرێت و بۆ هەتا هەتایە بەڕۆژوو بێت، بەڵام چونکە دەیزانی پێغەمبەریش داوای شتی وەهای نەکردووە، ئەویش نەیکرد.. کێ دەتوانێ بڵێ حەسەنی بەسرایی و جونەیدی بەغدایی دژی شەریعەت بوون..؟ سەهلی کوڕی عەبدوڵڵا گوتوویەتی: «هەر وەجدێك قورئان و سوننەت شایەتیی بۆ نەدات بەتاڵە»..ئیمامی ڕەببانیی دەڵێ: «ئەنجام و ئامانجی سەرجەمی تەریقەتە سۆفیەکان بریتییە لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ڕاستیەکانی ئیمان».گەیلانی، لە پاڵ کۆششی سۆفیانەیدا، بەردەوامیش لە کۆششدا بووە بۆ وەرگرتن و گەیاندنی زانستەکانی شەریعەت، خاوەنی قوتابخانەی تایبەت

بووه، که پرسیاری بۆ هاتووه یان داوای فەتوای لێکراوه، بەبێ وەستان و دواخستن وەڵام و فەتوای ئامادەبووه، تەنانەت لە فەتواکانیدا پشتی بە مەزهەبیش بەستووه. ئیبن عەرەبی کە تا ڕادەی تەکفیر کردن تاوانبار دەکرێت گوتوویەتی: «شەریعەت شەقامێکی ڕۆشنە و گوزەرگەی خۆشبەختانە، هەرکەس بەم ڕێیەدا بڕوات، بە ڕەهایی دەگات، هەرکەسیش پشتی تێبکات بێجگە لە تیاچوون چارەنووسێکی دیکەی نابێت»..، هەروەها گوتوویەتی: «من لە مەکری ئیلاهیی و چۆنێتی پارێزراوبوون لێی، زۆر وردبوومەتەوە، بێجگە لەدەستگرتن بە چمکی شەریعەتەوە هیچ چارەیەکی دیکەم نەدۆزیوەتەوە..".

لەبارەی هێندێ قسەی سۆفیانەوە کە بە ڕواڵەت دژی شەریعەتن ..، من جارێکی دیکەش گوتوومە مرۆڤ تا لە خوداوە نیزیکتر بێت، بێ پەردەتر دەیدوێنێ و ڕاز و نیازی لەگەڵ دەکات..لای ئەهلی عیرفان، کەخۆشەویستی باڵای کرد و گەیشتە عیشق؛ ئیدی هێندێ پەردە هەڵدەگیرێن و ڕازو نیاز تێکەڵی دووکەڵی سووتان دەبن:

هــەرکەس بە بــارەگــاهی جـــەلال ئاشـناتـــرە

زیاتر قسەی لە وەحشەت و دەهشەت دەدا نیشان *مەعوی*

هەروەها دەشێ مرۆڤ لە ئانی بەهاناوەهاتنی پەروەردگاردا، لە دەربڕینی هەست و نەست و شوکردندا، لە خۆشییان و لە بێئاگایی و جۆرێك لە مەستییدا، بەدگۆیی بکات، وەك ڕیوایەتی کابرای دەشتەکیی، لە خۆشیی دۆزینەوەی وشترەکەی لە بری ئەوەی بڵێ: «خودایە تۆ خودای منی و من بەندەی تۆم»، گوتوویەتی: «خودایە تۆ بەندەی منی و من خودای تۆم»..بەستامی کە دەڵێ:»منیش میعراجم کردووە»، هەموو باوەڕدارێك ــ بە پێی پلەی ئیمانەکەی ــ دەبێ عروجی ببێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (نوێژ میعراجی باوەڕدارە).

(انا الحق)ی حەللاج، تەنیا یەك مانای نیە، دەسەڵات هێندەی کێشەی لەگەڵ ئەوەدا بووە حەللاج نەیاری سیاسەت و حوکمڕانیی بووە، پشتیوانیی ناڕەزایی ستەملێکراوانی کردووە، هێندە کێشەیان لەگەڵ بیربۆچوونە عیرفانیەکانی نەبووە..، بەڵام ئەوانەیان کردۆتە تۆمەت بۆی، کوا ئەو دەسەڵاتە هێندە بە تەنگ شەریعەتەوە بووە؟ ئەی ئەو هەموو گەندەڵیی و دونیا پەرەستییەی هێندێ لە بە ناو دەسەڵاتداران لادان نیە لە شەریعەت..؟ کوفری گەورە بەلای دەسەڵاتداری دونیاپەرستەوە، دژایەتیی دەسەڵاتەکەیەتی، هەر چی کوفری دونیا هەیە بیکەی ئاساییە، بە مەرجێ شتێ نەڵێی «زیانی بۆ پەزەکان ببێ»..کە لە مەجنوونیان پرسیوە ناوت چییە..؟ گوتوویەتی لەیلا، خۆ ئەمە مانای ئەوە نیە ڕەگەزی ئەو گۆڕا بێ و بووبێ بە لەیلا، مانای ئەوەیە عیشقی لەیلا داگیری کردووە، بوونی نەهێشتووە، (ئەنەلحەق) کۆمەڵێك مانا هەڵدەگرێت، بەڵێ حەق ناوێکە لە ناوەکانی خودا، خۆ مادەم مرۆڤ شتێك لە ڕۆحی خودا لە بوونیدا هەبێت، شتێك لە ناو و سیفاتی خوداییشی تێدا هەیە..، ئەگەر یەقین هەبوو قسەکە هەڵە و نەگونجاویش بێ، ئایا دەبوو سزاکەی پەلپەل کردن بێ، ئاخر لەکاتی جەنگەکانی

سەرەتای ئیسلامیشدا شتی وەها بەرانبەر کافری (محارب)یش نەکراوە.. لە فیقهی جەنگدا گوتراوە، نابێ دەستکاریی جەستەی مردوو بکرێ، ئەوان حەللاجیان بە زیندوویی پەلپەل کردووە.. ناتوانین بڵێین ئەوە بڕیاری شەرع بووە، چونکە قازیی وەهاش هەبووە هەر لە دادگایی کردنەکەیدا بە (شەرع) داکۆکیی لە حەللاج کردووە..پاشان زمانی شیعر و گوتەی کاتی مەستیی بە زمانی ئاسایی دەرنەبڕدراوە، بۆیە تێگەییشتن لێی ئاسان نەبووە، نوورسی لەمبارەیەوە (لە نووری حەقیقەتدا) ــ کە مامۆستا فاروق ڕەسوڵ یەحیا کردوویەتی بە کوردی ــ دەڵێت : «ئەو لاف و دەعوایانەش کە لە زاری دەردەچن و لە توانا و سنووری خۆی بەدەرن بە شەتەحاتێك دادەنرێن کە بەرپرس نیە لێیان و دەگونجێ چاوپۆشییان لێبکرێت». (محمد الراشد) دەڵێت: مافی ئەوەمان نیە ئەهلی شەتەح بە کوفر و هەرتەقەو زەندەقە تاوانبار بکەین، مادام بەر لەهەرچی ئەوان شایەتمانیان هێنابێت. ئەمە بێجگە لەوەی دەشێ زۆر لە شەتەحات بە دەم سۆفیەکانەوە هەڵبەسترابن، وەك چۆن هەزاران فەرموودە بە زمانی پێغەمبەرەوە هەڵبەستراون. (سراجی توسیی)، کە خۆیشی یەکێکە لە سۆفیە گەورەکان، بەگومانە لەوەی (بەستامی) ئەو شتانەی گوتبن کە بە لادان ودەزانرێن. ئەوەیشی بۆ سوهرەوەردی کرا بە تاوان و خوێنی حەڵاڵ کرا، (ئەڵبەت بەپێی هیندێ سەرچاوە)، بەشێکی لە تێنەگەیشتن و بەشێکی دیکەشی ئەوە بووە هێندێ بەناو زانا لە پایەی خۆیان ترساون، بەوە تاوانبار کرا کە مەترسییە بۆ سەر دەسەڵات و پێوەندیی لەگەڵ نەیاران هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات لە ژێر فشارێکی زۆری هیندێ فەتوادا و بە ناچاریی ئەو کارەیان کردووە لەترسی گیانی خۆیان.

لێرەدا بەکورتی و بەپوختی تەسەوف لەڕووی شەریعەتەوە نەك دروستە بەڵکو سەرچاوە و شادەماری باوەڕە بەوەی خۆ خاڵی کردنەوەیە لەخۆشەویستی و ئارەزووی دنیایی و شهوەتی دنیا خۆ گێرێدانەوەی دڵ و ڕۆحە بەخودا و قیامەتەوە بەمەرجێك پێت هەڵنەخلیسکێت بۆ بەرزکردنەوەی کەسێك بەناوی شێخ و ئەولیا، ڕاستە پیاو چاکان و شێخ و ئەولیاش لەشەرعدا بوونیان هەیە وەك لەقۆرئاندا بە صدیقین و اولیاء و صالحین وعبادالله مخلصین..هتد ناویان هاتووە، بەڵام ئەمە ناگاتە ئەو ڕادەیەی زیادەڕەوی تیا بکەی بگاتە تەقدیس کردنی یاخود هاوبەش پەیداکردن و شێخ پەرستی و گۆڕ پەرستی. هەروەك دەگێرنەوە شێخ سراج الدین ڕەحمەتی خوای لێبێت دەرۆیشێکی خۆی بانگ دەکات و پێی دەڵێ دەبێت بە پێڵاوەکانتەوە بێیتە سەر سەرم ئەویش دەڵێ استغفرالله چۆن من کاری وا بکەم، ئەویش دەڵێ چونکە تۆ سوێند بەسەری من خواردووە سەری منت کردۆتە هۆکار بۆ هاوبەش پەیداکردن، وازی لێ ناهێنت هەتاکو ئەو کارەی پێ ئەنجام دەدات دەڵێت با من گوناهبارنەبم و نەبمە هاوبەشی ئەو گوناهە، ئەمەیە ڕێچکەی ڕاستەقینەی ڕێبازی تەسەوف.

سەرچاوە و پەراوێز

سوود لە چەند سەرچاوەیەکی ئینتەرنێت وەرگیراوە، لەوانە پەیجی مالّی عاریفان.

١- سورەتی (النازعات)، ئایەتی (٤٠).

٢- سورەتی (النازعات)، ئایەتی (٤٠).

٣- سورەتی (النازعات)، ئایەتی (٤١).

٤- سورەتی (النازعات)، ئایەتی (٣٧-٣٨).

٥- سورەتی (النازعات)، ئایەتی (٣٩).

٦- سورەتی (الأنعام)، ئایەتی (١٢٠).

کاریگەری سۆفیگەری لەسەر کارکردن و بەرهەمهێنان

نووسینی: عەلی ئیبڕاهیم حەسەن

* دەرچووی پەیمانگای پزیشکی هەولێر ٢٠٠١.
* دەرچووی بەشی کارگێڕێ کار لە زانکۆی جیهان.
* شارەزا لە کارگێڕی و ئابووری.
* ئەزمونی ٢٠ ساڵ لە کارگێڕی دامەزراوەکان.
* بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (ژیان)ی تەندروستی بۆ ماوەی ٨ ساڵ.
* خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (ژینی نوێ)ی تەندروستی.
* چەندین بابەت و توێژینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی چالاك لە بواری کۆمەڵگای مەدەنیدا بڵاوکردۆتەوە.

ئەگەر سەیری دەقەکانی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری پێشەوامان (درودی خوای لێ بێت) بکەین، دەبینین زۆر داکۆکی کراوە لەسەر پاککردنەوەی دەروون و هەوڵدان بۆ کارکردن و بەرهەمهێنان.

بە درێژایی مێژوو هەرکاتێك کۆمەڵگا بەدروستی لە پەیامی خوایی حاڵی بووبێت، مرۆڤەکان توانیویانە پرۆژەی ژێرخانی گەورە بۆ خۆیان و نەوەکانیان دروست بکەن، بە پێچەوانەوە لە کاتی بەهەڵە تێگەیشتن لە دەقەکان کۆمەڵگای مسوڵمانان دووچاری نەزانیی و نەخۆشی و نەداری بووەتەوە.

کە سەیری نووسراوەکان دەکەیت لەسەر ژیانnامەی (مەولانای ڕۆمی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت شتێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ دەبینیت ئەویش فێرکردنی کاری پیشەیی و دەست ڕەنگینی قوتابیانی تەکیە و خانەقاییەکان بووە

کە سەیری کۆمەڵگای کوردستان دەکەیت وەکو پێویست سوود لە پەیامی ئیسلام وەرنەگیراوە بۆ (کارکردن و زیادکردنی بەرهەم)، هەندێك تێگەیشتنی هەڵە کە خراوەتەوە پاڵ سۆفیگەری و پەیڕەوانی تەکیە و خانەقا کە زێدەڕۆیی کراوە لە بەکەمزانینی کاروباری دونیا بووەتە هۆی پاڵدانەوە و تەمبەڵی و سستی لە کارکردن و بەرهەم و وازهێنان لە گرتنەبەری هۆکارەکان و خۆهەڵواسین بە گوریسی (تەوەککول)، بە هەمان شێوە تەوژمی مارکسی ئەوەندە داکۆکیان لە سەر لایەنی ماددی و دژایەتی کردنی ئاین کردۆتەوە، نەهاتوون کار لەسەر بنەماکانی ئابووری و کارکردن بکەنەوە کە لە بیردۆزی مارکسی هاتووە، کە وڵاتانی وەکو چین و ڕوسیا تا ڕادەیەکی باش توانیویانە ژێرخانی وڵاتی خۆیان لە ڕووی ئابوورییەوە بنیات بنێن، کە سەیری نووسراوەکان دەکەیت لە سەر ژیانnامەی (مەولانای ڕۆمی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت شتێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ دەبینیت ئەویش فێرکردنی کاری پیشەیی و دەست ڕەنگینی قوتابیانی تەکیە و خانەقاییەکان بووە بە (١٨) جۆری پیشە، کە دواتر بۆ قوتابی و دەرویشەکان بووەتە سەرچاوەیەکی بژێوی و داهات.

لە ئێستادا کوردستان لە قۆناغی ڕاگوزەردایە لە سیستەمێکی ئیشتیراکی بۆ سەرمایەداری، پێویستە ڕێبەرانی ئاینی و فیکریی پێداچوونەوە بە تێڕوانینەکان بکەن، ئەوەی (هەڵە)یە ڕوونی بکەنەوە و ئەوەی (دروست)یشە زیاتر ڕۆشنایی بخرێتە سەری. کاتی هەڵوێستەکردنە، لەسەردەمی پێشەوا عمر (درودی خوای لەسەر بێت) کە بینیویەتی لەکاتی رۆژخەڵکی لە مزگەوت کۆبوونەتەوە و وازیان لە بازاڕ و کارهێناوە سەرزەنشتی کردون وهانی داون بۆ کار و بەرهەم و پەیداکردنی بژێوی خێزان، ئەمە ڕاستترین تێگەیشتنە لە دەقی قورئان و فەرموودە.

کەوابوو نابێ بەناوی سۆفیگەریی و خوداپەرستی مسوڵمانان خۆیان گۆشەگیر بکەن و لە کار و بەرهەمهێنان و هەوڵ و کۆشش دوورەپەرێز بن، ئیسلام ڕەچاوی زەروورییاتی ژیانی مرۆڤی کردووە بە هەموو جۆر و ڕەهەندەکانییەوە. ئامانج و مەبەستی کار لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

تەنها لە دەستخستن و کۆکردنەوەی پارەو سامان کورت نابێتەوە، بەڵکو چەندین ماناگەلی پەرستشیی (تعبّدي) لەخۆ دەگرێت، بە تایبەت ئەگەر کار و هەوڵ و کۆششەکە نیەتی باشی لەگەڵدا بێت، کارکردن و بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکیدا کە ئەویش سەردەکێشێت بۆ هاوسەنگی دەروونی لە کۆمەلگەدا لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵ.

نابێ بەناوی سۆفیگەریی و خوداپەرستی مسوڵمانان خۆیان گۆشەگیر بکەن و لە کار و بەرهەمهێنان و هەوڵ و کۆشش دوورەپەرێز بن

خوای گەورە فەرمان دەکات بە مسوڵمانان دوای تەواو بوونی نوێژ و خوداپەرستی لە مزگەوت، ئیدی دەربچن و بڵاو ببنەوە بە زەویدا و داوای ڕزق وڕۆزی و بەخششی خوا بکەن:(**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ، فإذا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ**)[1].هەروەها خوای گەورە بە ڕاشکاوی هانمان دەدات کە بە دوای ڕزق و ڕۆزیدا بگەڕێین و کۆشش بکەین و کار بکەین و لێی پاڵ نەدەینەوە بە ناوی عیبادەت و خواپەرستی یان پشت بەستن بە خوا، چونکە خوای مەزن زەوی ڕام کردووە بۆ بەندەکانی تا بە ئاسانی بتوانن کار بکەن و بگەڕێن بە دوای ڕۆزیدا:(**هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ**[2]. ئایەت لەم بارەوە زیاترن و ئێمە لێرەدا ئیکتیفا دەکەین بەم دوو ئایەتە.

پێغەمبەرانیش کاریان کردووە و بە دوای ڕزق و ڕۆزیدا گەڕاون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس لەوە دەکات کە هەموو پێغەمبەران بە خۆیشییەوە شوانییان کردووە، لە فەرموودەیەکی تریدا دەفەرموێت: (**ما أَكَلَ أَحَدٌ طعامًا قطُّ، خيراً من أن يأكلَ من عملِ يدِه، وإنَّ نبيَّ اللهِ داودَ عليهِ السلامُ كان يأكلُ من عملِ يدِه**)[3]. واتە: هەرگیز هیچ کەسێك خواردنێکی نەخواردووە باشتر بێت لەوەی لە کاری دەستی خۆی و بەرهەمی ماندووبوونی خۆی بخوات، وە بێگومان داود پێغەمبەریش سڵاوی خوای لێ بێت لە بەرهەمی کاری دەستی خۆی دەیخوارد.

پەراوێزەکان:

١- سورەتی جومعە، ئایەتی (٩-١٠).
٢- سورەتی مولك، ئایەتی (٥١).
٣- بوخاری ریوایەتی کردووە.

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی «خوێندنەوەیەكی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی»



خوێندنەوەی ئیسماعیل تەها

* ساڵی ١٩٧٩ لە دایك بووە.

* دەرچووی زانكۆی سلێمانی كۆلیژی زانستە ئیسلامییەكانە.

* خاوەنی چەندین وتار و نووسینە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە كوردییەكان.

هەرچەندە سۆفیگەری ڕەگێکی قوواڵی لە ناو کورددا هەیە، بەاڵم نووسین لەو بوارە لە ئاستی مێژووەکەی نییە، ئەو کتێبانەی لە بارەی سۆفیگەری نووسراون، زۆر کەمترن بە بەراورد بە مێژووەکەی، لە ناو ئەو کتێبانەش ئەو کتێبانەی کە خاڵێکیان لەسەر پیت داناوە ژمارەیان زۆر کەمترە.

هەندێك لەو کتێبانە نووسەرەکانیان لە نزیکەوە ئاشنای ئادابەکانی سۆفیگەرین، یا ڕاستەوخۆ بەشدارن لە ڕێورەسمەکان، یا بەناڕاستەوخۆ، هەندێك لە نووسەرەکانی بواری سۆفیگەری خۆیان دوور و نزیك هیچ پابەندییەکیان نەبووە، تەنیا لە چوارچێوەیەکی تیۆری ئاشنای بواری سۆفیگەرییەن، زۆرجاریش هەندێك لەو نووسەرانەی پێشینەیەکی چەپگەرایان هەبووە، هێرشی تونڈە دەکەنە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی کۆیکردینەوە تەنیا وشەیە. ئەوجۆرە نووسەرە پێیان وایە تەسەوف یەکسانە بە دەرچوون لە شەریعەت، هەندێك لەوانە دەچنەوە سەر ڕێبازی عیرفانی بەبێ خودا و پێغەمبەر، پەیڕەوی لە عیرفانێکی مۆدێرن دەکەن، کە ئەو جۆرە عیرفانە تا ئەندازەیەك بۆتە باو، دیارترین کەسایەتی ئەو بوارە ئۆشۆیە.

«خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی» نووسینی ئەمجەد شاکەلی، کتێبێك بە قەبارە بچووك، بەاڵم بە ناوەڕۆك دەوڵەمەندە، نووسەر هەوڵیداوە زۆرترین زانیاری لە لاپەڕەکانی بەخوێنەر بدات.

نووسەری کتێبی «سۆفیگەری» کۆڕی بنەماڵەیەکی ئەهلی تەسەوفە، باوکی پیاوێکی ئایینی بووە، پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام کردووە، تا ئەندازەیەك ئەوەی پێوە دیارە ئەو لایەنە یارمەتیدەری بووە، بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەو بوارە.

ئەوەی نووسەر لەوانەی تر جیا دەکاتەوە، لەپەنای سۆفیگەری نەهاتووە تانە لە ئیسلام بدات، وەك ئەوانەی تر، بەگشتی نووسینەکانی ئەمجەد شاکەلی نووسینگەلێکی پڕ لە زانیاری وردن، ئەو کاتێك دەنووسێت، وەك لێکۆڵەرێك دەنووسێت.

نووسەر هەرچەندە زیاتر لە بواری زمانەوانی دەنووسێت، بەاڵم وەك بەرایی کتێبەکەی باسی کردووە«هەڵبژاردنی باسەکە تەنێ گەشتێکی سەرپێیی و خوێندنەوەیەکی کورتە بۆ سۆفیگەری و ڕێبازی نەقشبەندی، بنچینەکانی، مێژووی، پاشخانی و هزرەکانی بە زمانی سوێدی، بۆ بەشی زمانان سەر بە ئەنیستیتووتی زمانانی ئەفرۆ - ئاسیاییەکان لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد لە بەهاری ١٩٩٤دا، نووسراوە.

نووسەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی پاشخانە زمانەوانییەکەی خزمەتێك بەو بوارە بکات، بەوەش هەندێك وشە بەکار بهێنێت، لە پێشەکی ئەو کتێبە بۆ وشەی (Metahpysics) وشەی سروشتبەدەری بەکارهێناوە.

لە باسەکانی تری بۆ وشەی «الفناء» توانەوە، بۆ وشەی «ذوق» چێژ، بۆ وشەی «الإشراق» درەوشانەوە، بۆ وشەی «سالك» ڕێبوار، بۆ وشەی «الإمام الغائب» ئیمامی پێواری بەکارهێناوە.

تایبەتمەندیەکی تری ئەو کتێبە نووسەر باسی هەر کەسێکی کرد بێت، بەکورتی لە پەراوێز ژیانی نووسیوە، سااڵی چەند لە دایکبووە، سااڵی چەند کۆچی دواییکردوە، تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسەی باسکردووە.

هەروەها نووسەر کاتێك باس لە حیکمەت دەکات، ئاماژە بە ئیبن عەرەبی و فارابی و کیندی و ئیبن سینا و ئیبن روشد دەکات، دواتر ئاماژە بەکانت و دیکارت و هێگڵ دەکات.

لە دوای پێشەکی باس لە خودای گەورە دەکات لە ئیسلام دا، لە سەرەتای ئەو باسە باسی سووڕەتی (الإخلاص) دەکات، واتای سووڕەتەکەی بەکوردیەکی جوان نووسیوە، لە کۆتایی ئەو باسە ئاماژە بەو وتەیەی مەولانا جەلالوددینی روومی دەکات» ئەی ئەو کەسەی، کە گەیشتن، بە تۆ وەرامی گشت پرسیارێکە، کێشە لە لایەن تۆوە بێ دەمەتەقە و چەندوچوون چارەسەر دەکرێ. ئینجا دەڵێت «دۆزینەوەی ئەو خودایە وەرامی گشت پرسیار و مەتەڵەکانە».

لەبەشێکی تر نووسەر باس لە عیرفان و سۆفیگەری دەکات، دواتر باس لە ڕیشەی وشەی سۆفی دەکات، کە لە زمانی عەرەبی دەیگێڕێتەوە بۆ (صوف) ی عەرەبی، کە لە کوردی دەبێت بەخوری، بەهۆی ئەوەی سۆفییەکان پۆشاکی لە خوری چێنراویان لەبەر کردووە، وەك نیشانەی دەستبەردان لە دونیا، پێشیان وابووە جلوبەرگری خوری، پۆشاکی پەیامهێنەران و هێمای پیاو چاکان و پیاوانی خودا بووە.

سەبارەت بە کرۆکی سۆفیگەریش دەڵێت: کرۆکی سۆفیایەتی، خۆڕادەستکردنی هەمیشەیی بەخودا، بەخۆشەویستی نەك بە ترس، هەروەها دیتنی هەموو مرۆڤێك، ئاژەڵێك، ڕووەکێك و بێگیانێك، وەك بەرجەستەکردنێکی خودا و بوونی خودا، لە هەموو شتێکدا.


بەڵای نووسەر تەریقەتی نەقشبەندی
تێکەڵەیەکە لە پێڕۆ و پەروەردە و دید
و ئامۆژگارییەکانی خواجە عەبدولخالیق
غوجدوڤانی و خواجە بەهائەدینی
نەقشبەند، کە لە ماوەیەکی کەمدا لە
دەڤەرەکانی (ماوراء النهر) و خوراسان
بڕەوی پەیداکرد

باشان بۆچوونی پێچەوانە دەهێنێتەوە سەبارەت بە چاوگی وشەی سووفی، دەڵێت: ئیبن خەلدون پێی وایە لە وشەی (صوف، بە کوردی خوری) نەهاتووە، ئەوە تەنێ مەزەندە و گریمانەیەکە، چونکە سۆفییەکان تەنێ جلی لە خوری

دروستکراویان لەبەر نەکردووە، بەڵکە گۆڕیویانە و شتی دیکەشیان لەبەر کردووە.

پاشان نووسەر باس لەگنۆسیزمی مەسیحی و کابالای جوولەکە دەکات، کەوا دەگەینێت مرۆڤ وەك ئەرکێکی خۆی دەبێ خودا بناسێ و خزمەتی بکات، لە هەمان کاتیشدا بزانێت چۆن و بۆچی مرۆڤ پەیدابووە و ئەرکی چییە و بۆ کوێ دەچێ و چی گەرەکە بیکات و بزانێت و لە گیروگرفت و کێشەکانی دەوروبەری خۆی لەم زەوینەدا بکۆڵێتەوە.

لە بەشێکی تری ئەو کتێبە نووسەر باس لە تەریقەتە سۆفیگەری و دەروێشییەکان دەکات، نووسەر لەو بەشە هەردوو تەریقەتەکانی پێکەوە باسکردووە، نەیکردوە، بە دوو بەشی جیاواز.

جگە باسکردنی لە تەریقەتە سەرەکییەکان، ئاماژەی بە تەریقەتە لاوەکییەکانیش کردووە، بەڵام هیچ وردەکاریەکی باس نەکردووە، هەرچی تەریقەتە سەرەکییەکانە بەکورتی باسی دامەزراندن و دامەزرێنەر و شێوازی زیکرەکانی کردوون.

لە بەشێکی تری ئەو کتێبە نووسەر باسی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات، کە بەشێکی زۆری کتێبەکەی بۆ ئەو تەریقەتە تەرخان کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە سۆفیایەتی لە ژینگەیەکی سوننیدا بار هاتووە و پەروەردە بووەو، ئاینزای سوننە ئاینزای سەرەکی ئیسلامە، بەڵام بەبێ پێزانین و ئاگالێبوون، سۆفیایەتی لە شیعەیەتی قەرزکراوە

سەرەتای نووسینەکەی باس لە دامەزرێنەر و پاشخانی مێژوویی دەکات، نووسەر لە سەرەتاوە دەنووسێت نەقشبەندی تەریقەتێکە بەناوی خواجە بەهائوددین موحەممەد نەقشەبەند بوخارایی(١٣١٨ - ١٣٩٠ ز، ٧١٧ - ٧٩١ك)دانراوە، بەڵام بەهائەدین دامەزرێنی تەریقەتەکە نییە، بەڵکە تەریقەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ تەریقەتی خواجەکان و درێژەدان و بەردەوامی ئەو تەریقەتە دەگەڕێتەوە بۆ خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی و یوسف هەمەدانی.

بەڵای نووسەر تەریقەتی نەقشبەندی تێکەڵەیەکە لە پێڕۆ و پەروەردە و دید و ئامۆژگارییەکانی خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی و خواجە بەهائەدینی نەقشبەند، کە لە ماوەیەکی کەمدا لە دەڤەرەکانی (ماوراء النهر) و خوراسان بڕەوی پەیداکرد.

پاشان نووسەر باس لە کورسی نامە دەکات، کە زنجیرەی سۆفیەکانە، کە لە ئەبوبەکری سدیقەوە دەستپێدەکات.

لە باسی رەگ و ریشەی تەریقەتی نەقشبەندی دەیگێڕێتەوە بۆ سەر ئەبوبەکری سدیق، پاشان بە زنجیرەی سۆفییە گەورەکان پێدا دێت، یەك یەك ناویان دەهێنێت.

لە دوای ئەو بەشە باسی پەروەردەی جەستەیی و دەروونی دەکات لای سۆفییەکان، هەر لەو بەشە باس لە رێبوار(سالك) و ئەولیاکانی خوا دەکات، کە چۆن پەیوەست دەبن، بە شێخەکانیان.

دوای ئەو باسە نووسەر باس لە پەیوەندی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات بە سوونە و شیعەوە، لەسەرەتاوە نووسەر دەڵێت» تەریقەتی نەقشبەندی تەریقەتێکی سوونەیە و لەسەر پێشڕەوایەتی و رێبەرایەتی کردنی خەڵکانی سەر بەو تەریقەتە بەگوێرەی سوننەتی پەیامبەر، واتە ئەوەی پەیامبەر گوتوویەتی و کردوویەتی، جەخت دەکات و پێ دادەگرێت. گرنگترین بناخە لە بیری تەریقەتی نەقشبەندیدا گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام، لەو بارەیەوە مەولانا خالیدی شارەزووری (١١٩٠ــ ١٢٤٢ك ١٧٧٦ ــ ١٨٢٧ز) دەڵێ: باوەڕی ئێمە دروست باوەڕی پێشینیانە تەریقەتەکەشمان تەریقەتی سددیقە (واتە خەلیفەی یەکەم ئەبووبەکر) کە ئەوەش تەریقەتی یاران و پێڕۆیانە (تابعون).

پاشان نووسەر دەڵێت: هەرچەندە نەقشبەندییەکان و گەلێك لە تەریقەتەکانی دیکەی سۆفیایەتی سوونەن، بەڵام قووڵایی و رەهەندی گیانەکی تەواو راست و دروستی ئیسلام، بە شێوەیەکی بنەڕەتی و کرۆکی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ ئاینزای شیعە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە سۆفیایەتی لە ژینگەیەکی سوننیدا بار هاتووە و پەروەردە بووەو، ئاینزای سوننە ئاینزای سەرەکی ئیسلامە، بەڵام بەبێ پێزانین و ئاگالێبوون، سۆفیایەتی لە شیعەیەتی قەرزکراوە، گەلێ نووسەر وتوێژەری دیکە جەختیان لەسەر گرێدراوی تەسەووفی ئیسلامی بە هزری شیعەگەری کردووە، پێیان وایە بنەما و کرۆکی تەشەووف لە شیعەیەتیدا دەدۆزرێتەوە.

پاشان باسی پایەکانی سۆفیگەری دەکات، کە هەر دە پلەکەی سۆفیگەری دەنووسێت، دواتر باسی حاڵ دەکات، ئینجا حاڵەکانیش دەنووسێت.

لە دوای ئەو باسانە نووسەر باس لە مەرجەکانی گەیشتن بەخودا دەکات، یەکەم مەرجی پیرۆزکردنی رێبەرێکە.

پاشان باس لە مەرجەکانی تریش دەکات، بەڵگەی بۆ ئەو مەرجانەش بە ئایەتەکانی قورئان هێناوەتەوە، لە دوای ئەو باسانە باس لە چوار جۆر فەنا دەکات.

پاشان باس لە (کلمات قدسیة) دەکات، دەڵێت: تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر یازدە وشە بنیاتنراوە، ئەو وشانەش بنگە و دەستووری تەریقەتی نەقشبەندین، هەشت دانەیان لە لایەن خواجە عەبدولخالیق و دوو دانەیان لە لایەن بەهائوددین نەقشبەندەوە دانراون و خراونەتە سەر ئەوانەی دیکە.

لە بەشێکی تر باس لە کەسایەتییە کاریگەرەکان دەکات، تیشکی خستۆتە سەر کەسایەتییە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی:

خواجە عەبدولخالیق

بەهائەدینی نەقشبەندی

خواجە عەبدوڵای ئەحرار.

شێخ ئەحمەدی سەرهەندی (ئیمامی ڕەبانی)

مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

هەروەها نووسەر باسی کاریگەری تەریقەت لەسەر ئەدەب دەکات، باس لە شاعیرێکی وەك عەبدوڕەحمانی جامی دەکات.

هەروەها نووسەر لایەنی سیاسی و ئابووری تەریقەتی نەقشبەندی پشتگوێ نەخستووە، زۆر بەوردیش تیشکی خستۆتە سەر ئەو لایەنانەش.

لە کۆتایی دا باس لە کاریگەری ڕێبازە هیندییەکان دەکات، لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی، کە پێی وایە فەرهەنگە جیاوازەکانی هیندستان کاریگەریان هەبووە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی، هەر تاویزم و کۆنفۆشیزم، نێرڤانا و دۆناودۆن، هەموو ئەوانە کاریگەرییان هەبووە، هەموو ئەوانەش گرێدانی کۆمەڵێك بەهای خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایین.

لە کۆتایی ئەو کتێبە نووسەر زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی هێناوە، کە لە ئەبوبەکری سددیقەوە دەست پێدەکات، تا دەگات بە مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

لە دوا وشەی کتێبەکەی نووسەر ئاماژەی بە بوونی خوای گەورە و سەرقاڵی مرۆڤ بەو بوونە دەکات، ئینجا ناردنی پێغەمبەرانی خودای گەورە بۆ خوداناسی.

نووسینی: ئەمجەد شاکەلی

چاپ: یەکەم ٢٠١٩.

بڵاوکار: پڕۆژەی بیری میانڕەو.

ژمارەی لاپەڕە: ٢٠٨.

مەرجەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئایندە:

١- دەبێ لە بابەت و نووسینەکان (تۆێژینەوە و بابەتی تیۆری و هزری و ڕۆشنبیریی وتار و بۆچوونەکان..)دا ڕەچاوی بنەماکانی نووسین بکرێت.

٢- لە ڕووی ڕێنووس و تایپەوە، نووسینەکە هەڵەچن کرابێت و کەمترین هەڵەی تێدا بێت و، بە بەرنامەی وۆرد (word) بۆ گۆڤار بنێردرێت، گۆڤاریش بە مافی خۆی دەزانێت نووسین و بابەتەکان بە پێی بەرنامەی دەستەی نووسەران و ئامانجەکانی گۆڤارەکە بڵاو بکاتەوە.

٣- ئەو بابەت و نووسینانەی پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان لە ماڵپەڕ و سایتێکی دیکە بڵاوکراونەتەوە، مەگەر چۆنەکایی، گەرنا لە گۆڤاری ئایندە بڵاوناکرێنەوە.

٤- نووسین و بابەتەکان پوخت و زانستی بن و بە شێوەی خاڵبەند و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبن.

٥- ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت بۆ نووسین و تۆێژینەوەکان، تۆێژەر یان نووسەر خۆی بەرپرسیارێتی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەڵدەگرێت لە حاڵەتی وەرگرتن یان گواستنەوە لە سەرچاوەیەك بێ ئاماژە پێکردنی، یاخود لە حاڵەتی گواستنەوە و وەرگرتنی نووسین و بابەتی ئامادەکراو لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت.

٦- بۆ بابەتی وەرگێڕدراو پێویستە ناوی سەرچاوەکەی لەگەڵدا بێت، یاخود لینکی سەرچاوە ئەسڵیەکەی لەگەڵ بێت.

٧- زمانی نووسین و گوزارشتکردن لە ڕاوبۆچوون لە چوار چێوەی یاسادا و دوور بێت لە ناوزڕاندن و شکاندن و پێشێلکاری مافی چاپ و بڵاوکردنەوە.

دەستەی نووسەران

بەشی عەرەبی

القسم العربي

ئاینده

(المستقبل)

مجلة فكرية ثقافية فصلية يصدرها مركز آينده للدراسات باللغتين الكوردية والعربية

العدد (٣) صيف ٢٠٢١م - ١٤٤٢هـ - ٢٧٢١ كوردي

صاحب الإمتياز و رئيس التحرير

د. أحمد إبراهيم الورتي

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

مدير التحرير

ريكان تحسين ساله‌ي

(Rikan.tahseen@gmail.com - 07507264864)

مدير التحرير - القسم العربي

يوسف كمال الأربيلي

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

المدير الفني

رابر أحمد الورتي

هيئة التحرير

ياسين عبدالله الورتي هدايت جمال القرداغي هردي أنور

المستشارون

أ.م.د. عثمان علي د. عبدالرحمن صالح ميران نايف أحمد محي الدين الشيخاني

علي إبراهيم حسن

AyndaCenter2012@gmail

أربيل، كوراني عينكاوة، بجانب جامع الحاج ياسين

تصميم: المدير الفني

ملف العدد

التصوف بين الحقيقة والواقع

المحتويات

٥٨	كلمة العدد - القسم العربي
٦٠	لماذا التصوف؟
٦١	ابن عربي ووحدة الوجود دراسة تحليلية
٧٥	التصوف في الإسلام جمال الروح في رحاب الجلال
١٠٢	التصوف الصحيح من المنظور الإسلامي
١٠٧	الخوف من الإسلام - البحث عن جذور الكراهية
١٢٤	شروط النشر في مجلة آينده

المقالات و الآراء تعبّر عن رأي كاتبيها
ومجلة آينده ليست مسؤولة عنها

كلمة العدد
القسم العربي

مدير التحرير الباحث الإجتماعي: يوسف كمال

* يوسف كمال محمود.
* ولد في اربيل عام ١٩٦٥.
* حاصل على شهادة دبلوم عالي من معهد المعلمين المركزى / اربيل١٩٩٠.
* بكالوريوس في العلوم الاجتماعية كلية الآداب -جامعة صلاح الدين ١٩٩٨.
* له اربعة كتب مطبوعة ويكتب باللغات الكوردية والعربية والتركمانية.
* من اوائل الصحافيين الاستصقائيين بالعراق.
* يعمل كباحث اجتماعي بمدرسة كلاويز بأربيل.
*من مؤسسى حزب النهضة الوطنية.

بعد شد وجذب ومحاورة أخذ وعطاء حول الإســـــتمرار من عدمه لإصدار المجلة الأكاديمية (آينده - المستقبل) بعد أن اكتسحت مواقع التواصل الإجتماعى الساحة الثقافية وأثرت على اصدارات الصحف والمجلات بل حتى الكتب لم تسلم من الموجة !

وأصبح متاحاً للكل ليتحدث بما يريده فالعاقل أصبح ضاجراً بما يمليه الغبي! من عجائب الفهم ومدارك العقل لهم وأصبحت الثقافة البصرية طاغية على الثقافة الإمئلائية وعندما يتاح أي شيء برخص الثمن وبسهولة الإستعمال فانتظر الساعة!

فبعد جلسات ثلاث بين أربيل وكويسنجق قررنا نحن الهيئة العاملة والمؤتمنة على المجلة وبجهود الخيرين وبعد الإتكال على الله سبحانه وتعالى، الإستمرار بإصدار المجلة وبعد الإتفاق على منحي مسؤولية القسم العربي ورغم ضخامة الأمر إلا أنني استسلمت لرأي إخواني بمركز آينده وهيئة تحرير المجلة لعلي أكون سبباً بالتوفيق بمد الجسور بين الثقافتين الكوردية والعربية.

وكان من الجهود التي بذلتها من أجل إنجاح القسم العربي لمجلة آينده:

١- اقتراح جعل المجلة منفصلة عن مجلة الأم الكوردية وتوزيعها بعموم العراق وخارجه.

٢- الإتفاق مع مطبعة شابندر والتي يمتلكها أبناء الحاج محمد الخشالي (امد الله بعمره) بطبع المجلة ببغداد، إذا وافقت هيئة تحرير المجلة، وقد استجابوا لطلبي مشكورين، وهم الذين تلقوا علمهم جداً وابناء واحفاداً من مفتي الديار العراقية المرجع الكبير الشيخ عبد الكريم المدرس رحمه الله.

٣- الإتفاق مع كلية السياسة بجامعة تكريت مبدئياً على التعاون بإقامة المؤتمرات الأكاديمة ومد المجلة بالبحوث الرصينة، فالسياسة أصبحت شاغلنا!

